باسەرە
BASERE

هەفتانەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیریی گشتییە دەزگای شەفەق لە کەرکووک دەری دەکات

پەخشی ڕادیۆی گوڵان لە کەرکووک دەستی پێ کرد

لە هەوڵێکی بەراییدا بۆ خزمەت کردنی گوێگرانی ڕادیۆ لە شاری کەرکووک و بایەخدان بەکولتووری شار و لایەنەکانی ژیانی خەڵک و خزمەتگوزاری، لەم هەفتەیەدا ڕادیۆی گوڵان لە شاری کەرکووکدا پەخشی دەست پێ کرد.

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی گوڵان لە ساڵانی سەرەتای ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ بە دواوە وەک دەزگایەکی لیبراڵی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر دامەزرا، هەر لە هەولێردا ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆری دەرکرد و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیشی دامەزراند.

دامەزراندنی ڕادیۆی گوڵان هەنگاوێکی دروستە لە ڕێی گەیاندنی دەنگی هاووڵاتیانی شار و دەربڕینی هەست و خواست و خولیا و داواکارییەکانیان، واش چاوەڕوان دەکرێت ئەم ئێزگەیە هەمەجۆر بەرنامەی هەمەڕەنگ و گۆرانی و مۆسیقا و هەواڵ و باس و بابەت بە گوێگرەکانی بگەیەنێت.

ژمارە: ٢ | چوارشەممە ٧ ئایار ٢٠٠٣ | ١٧ گوڵان ٢٧٠٣ | نرخ ٢ دینار | Issue. 2 Wednesday - May, 7,2003

کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانووبەرە لە کەرکووک دەستی پێ کردەوە



بەم نزیکانە لە کەرکووک غاز دابەش دەکرێت

ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عیراق و تێکشکانی ڕژێمی بەعس، ژمارەیەک گیروگرفتی بەدوای خۆیدا بۆ خەڵکی شاری کەرکووک هێنا، دوای ئەوەی بە هەوڵ و هیمەتی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاو و کارەبا و تەلەفۆن بۆ شاری کەرکووک دابین کرایەوە، هەروەها لە چەند هەڵمەتێکدا شارەوانیی هەولێر و سلێمانی شەقام و گەڕەک و گۆڕەپانەکانی شاری کەرکووکیان پاک کردەوە، بەم جۆرە شار ڕووکارێکی نوێ و جوانی پۆشی.

ئێستا یەکێ لە گرفتە سەرەکییەکانی خەڵکی کەرکووک نەبوونی غازە، دوای وەگەڕ کەوتنەوەی دوو پاڵاوگە، ئێستا سووتەمەنیی نەوت و بەنزین و گاز بۆ هاووڵاتیانی کەرکووک فەراهەم بووە، بەپێی ئەوەی سەرچاوەیەک بە(باسەرە)ی ڕاگەیاند؛ وا چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا غازیش بۆ خەڵکی کەرکووک دابین بکرێت، وەک هەنگاوی یەکەم داوا لە خەڵکی شار کراوە بوتڵی بەتاڵ لە لای بریکارەکانی خۆراک دابنێن، بۆ ئەوەی کارگەی غاز پڕ غازیان بکات و هەر لە ڕێی بریکارەکانی خۆراکەوە بوتڵە غازەکان بە پڕی بگەنەوە دەست هاووڵاتیان.

گوندەکانی شوان و ساڵەیی ڕوو لە ئاوەدان بوونەوەن

لە شاڵاوەکانی ١٩٨٧دا سەرجەم گوندەکانی شوان و ساڵەیی و شێخ بزێنی و بیبانی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە خاپوور کران و خەڵکەکەشیان بەرەو ئۆردووگای زۆرەملێ لە دەوروبەری هەولێر ڕاگوێزران. لەم ساڵانەی دوایی ڕژێم ئەو گونده کوردانەی کردە خەڵات بۆ هەندێ خێڵ و هۆزی عارەب، کە هەر لەگەڵ نەمانی ڕژێمدا ئەوانیش گونده کوردەکانیان چۆڵ کرد.

ئێستا پەیتا پەیتا خەڵکە ڕەسەنەکە بۆ سەر زێدی باب و باپیرانیان دەگەڕێنەوە، وەک تێبینی دەکرێت گوندنشینان دڵگەرمانە ڕوو لە گوندەکانیان دەکەن و خەریکی سەرلەنوێ دروستکردنەوەیانن.

تیمی (باسەرە) خەڵکی گوندەکانی دارەمان، بیبانی، کەلوڕ، حەساری گەورە، سەقزلی، گەلۆزی و چەندین گوندی دیکەی بەسەر کردەوە، کە خەریکی ئاوەدانکردنەوەی گونده خاپوور کراوەکانیان.

واش چاوەڕوان دەکرێت خەڵکی ڕەسەنی ئەو گوندانە هەروەک بڕیار دراوە، دەست بەدروێنەی ئەو دەغڵودانە بکەن کە لە زەوییەکانیاندا چێندراوە.

قوتابییەکی کەرکووکی نەیوێرا وێنەکەی سەدام بدڕێنێ

لە یەکەمین ڕۆژی دەست پێکردنەوەی خوێندن لە قوتابخانەکانی کەرکووکدا دوای ڕزگاربوونی شار، مامۆستایان لە پۆلەکاندا داوایان لە قوتابیان کرد یەکەمین لاپەڕەی کتێبەکانیان لێ بکەنەوە کە وێنەی سەدامی دیکتاتۆرە و بیدڕێنن.

لەبەر ئەوەی سەدامی دیکتاتۆر کەسێکی خۆپەرست بوو، ڕژێمەکەی ئەوەی بەسەر وەزارەتی پەروەردەدا سەپاند بوو کە یەکەمین لاپەڕەی هەر کتێبێکی پڕۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکان وێنەیەکی سەدام بێت.

بێ گومان سەرجەم قوتابیانی شاری کەرکووک سۆز و خۆشەویستییەکیان بۆ سەدام نەبوو، بۆیە بێ سێ و دوو دڵگەرمانە وێنەکانی سەدامیان دڕی، بۆ ئەوەی سەردەمێکی نوێی خوێندن و پەروەردە دوور لە تارمایی دیکتاتۆریەت دەست پێ بکەن.

لە پۆلێکی یەکێ لە قوتابخانەکاندا قوتابییەکی سەرەتایی یەکەمین لاپەڕەی کتێبەکەی کردەوە و فەرمانی مامۆستای جێبەجێ نەکرد، نەیوێرا وێنەکەی سەدام بدڕێت، بە نەرمییەوە مامۆستا لێی پرسی بۆچی وێنەکەی لاپەڕە یەک نادڕێت؟ قوتابییەکە بە شەرمەوە وەڵامی مامۆستای دایەوە: مامۆستا من لە ماڵێ وێنەکە دەدڕم!

ئازادیی نیشتەجێبوون لە کەرکووکدا بەرقەرارە

دوور لە بەندەکانی جارنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، ژیانی هاووڵاتیانی شاری کەرکووک، بە تایبەتی کەسانی ناعەرەب چەندین کۆت و بەند و قەدەغەکاریی لەسەر بوو، لە کەرکووکدا بەپێی ڕێسا و ڕێنماییەکانی ڕژێمی بەعس، خەڵکی ناعەرەب بۆی نەبوو مولک بکڕێ و تەنانەت گواستنەوەی ماڵ لە کۆڵانێکەوە بۆ کۆڵانێکی دی، ڕەزامەندیی پارێزگا و دەزگاکانی ئەمنی دەویست.

دوای نەمانی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس، خەڵکی کەرکووک ئازادانە سەودا بە مولک و زەویوزاری خۆیان دەکەن، ژمارەیەکی زۆر ڕوو لە نووسینگەکانی زەوی و خانووبەرە دەکەن بۆ کڕین یان بەکرێ گرتنی خانووبەرە، کەرکووکییەک کە دوای چەندین ساڵ دەربەدەری و ئاوارەیی کاتێک چووە یەکێ لە نووسینگەکانی بەکرێدانی خانووبەرە (١٨٦) کەس لەپێش ئەو هەمان داواکارییان لە خاوەنی نووسینگەکە هەبوو، بۆیە ئەویش بە زنجیرە ژمارە (١٨٧)ی بەرکەوت.

لە بەسەرکردنەوەی ژمارەیەک لە نووسینگەکانی خانووبەرە لە نێو شاری کەرکووکدا، بۆمان دەرکەوت ڕژێنە خەڵکێکی زۆر بەتایبەتی ئەو کەرکووکیانەی لە ئاکامی گوشار و جەور و ستەمی بەعس شاریان بەجێ هێشتبوو، ڕوو لەو نووسینگانە دەکەن و داوای خانووبەرە دەکەن. هەندێ لە نووسینگەکان (٢٠٠ - ٢٥٠) داوای بەکرێ گرتنی خانووبەرەیان لە لای خۆیان تۆمار کردووە.

بەم جۆرە شارەزایان مەزەندە دەکەن ورده ورده شاری کەرکووک خەسڵەتی کوردستانیانەی خۆی بپۆشێ و بە شێوەیەکی بەرچاویش لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئاوەدانییەوە گەشە بکات و ببووژێتەوە.

شار

هەموو دیاردە و بوونێکی ئەم بوونەوەرە بەساڵەوە دەچێت و پیر دەبێت، تەنها شتەگوزارییەکانی وەک جوانی و خۆشەویستی و کردەی باش ئەزەلین و هەرگیز پیر نابن... شوێنیش بە واتای جوانی گەر بەردەوام ئارایشت بکرێ قەت پیر نابێت، بەڵام بۆی هەیە لە سۆنگەی کردە و ئاکارێکی شەیتانانەوە بشێوێنرێ و سیمای بگۆڕێت، هەروەک چۆن شەیتان بەهەشتی لە ئادەم و حەوا شێواند و بەهەشت بەدەری کردن، ئاوهاش لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا وڵاتی ئێمە بە گشتی و کەرکووک بەتایبەتی سیمای شێوێنراو شەیتان و شەیتانۆکەکان لەبری ئەوەی بیکەنە بەهەشتێکی جوان و ڕەنگین کردبوویانە دۆزەخێک و نەوەی ئادەم و حەوایان تێدا ئازار دەدا، لە جیاتی ئەوەی شوێنی پشوودان و حەوانەوە و پارک و جێگەی زانستی و بواری کار کردن بۆ خەڵکی بێ دەرامەت مەیسەر بکەن، هەموو شوێنێکی ئەم شارەیان کردبووە زیندان و سەرزەوی و ژێرزەوی هەر زیندان بوو، شوێنی حەشاردانی خەڵکی پەرۆشی ئازادی و سەربەستی بوو... ئاوهاش شاری کەرکووک پیر پیر بووبوو، نە جوانی تێدا دەبینرا و نە خەڵک و نە جوگرافیای شاریش ڕەونەقێکی مابوو.

بە هەوڵ و هیمەتی هەموان، دەکرێ کەرکووک بکرێتە دایکە شارێکی بەخشندە و هەموو ڕۆڵەکانی خۆی بە جیاوازی ڕەگەز و توخم و بیروباوەڕێکەوە لە ئامێز بگرێت، بەر لە هەر شتێکیش گەرەکە جارێکی دیکە شار جوان و ئارایشت بکرێ و بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی تافی لاوینی و شکۆی شارانەی بگەڕێتەوە؛ ئەو گەڕەکانەی کە نزیکەی چل ساڵە بە ئەنقەست پشتگوێ خرابوون و لە هەموو خزمەتگوزارییەک بێ بەش بوون و گەڕابوونەوە بۆ دۆخی گوندایەتی و چ سیمایەکی شارستانێتیان پێوە نەمابوو، با لەمەولا باخچەی گشتی و شوێنی حەسانەوە و تەلاری جوانیان لێ دروست بکرێ. با ئاگرە ئەزەلییەکەی کورکوڕا پیرۆزییەکەی جارانی بگەڕێتەوە و کەرکووکییەکان وێردی بۆ بخوێنن.

قەڵای بەناوبانگی کە جاران باڵابەرز و شکۆدار بوو، لەم دواییەدا خانووە دێرین و یادگارەکانی ڕووخێنران و کرا بە سەربازگە، دەوری دانیال پێغەمبەر بە سەرباز و تەلی دڕکاوی تەنرا بوو، بۆیە بە تەنها مابۆوە و حەسرەتی بۆ ڕۆڵەکانی قەڵا و مریدەکانی هەڵدەکێشا. دەڵێن گەر بنیادەمی زانا و میهرەبان و بە حیکمەت فەرمانڕەوایی هەر وڵاتێک بکات، ئیدی ئەو وڵاتە و خەڵکی ئەو وڵاتە ئاسوودە و بەختەوەر دەبن، بەڵام سیاسەتی فەرمانڕەوایی وڵاتی ئێمە چل ساڵە شوێنەوار دەشوێنێ و جێ پەنجەی بە هەرەوەران دەسڕێتەوە، خوێندەواری و زانست و پەروەردەی قەڵاچۆ کرد و وڵاتیشی کردە سەربازگە و بەندیخانە و سێ چواریەکی خاکەکەی مین ڕێژ کرد و خەڵکیشی کردە جەلاد و قوربانی.

ئەمێستا کاتی ئەوە هاتووە هەر کەسەو بەخۆدا بچێتەوە، تا بە هەمووان شار و گوندی ئەم وڵاتە جوان و ئاوەدان بکەینەوە.

سەرنووسەر

ل٢ دوکان و خانووی کەرکووک لە ئەوقافەوە بۆ تەعریب

ل٣ ئازادبوونی مێژوو

ل٤ جەمال عەبدولناسر و پەخشی ڕادیۆی کوردی

ل٥ ریپۆرتاژی تراژیدیای ئەنفال و ئاوارەبوون

ل٦ دەخیلە کاکی کەرکووکی شیعرێکی مامەند کەرکووکی

ل٧ چیرۆکی یەکەم بیرە نەوتی کەرکووک

دوکان و خانووبەرەی کەرکووک لە ئەوقافەوە بۆ تەعریب

محەمەد حوسێن شوانی

بەپێی هەموو بەڵگە مێژوویی و دیاردە سروشتی و سنوورە جوگرافییەکان، گومان لە کوردستانی بوونی کەرکووک ناکرێ، با نەتەوە و ئایین و مەزهەبی جیاوازیشی تێدا بژێت. لەسەر ئاستی جیهانیشدا هەمیشە شارە گرنگەکان تێکەڵاوی یەکن لە جۆر و چەشنی جیاواز، یەکێک لە پێناسەکانی شار بەگشتی بریتییە لە هەمە چەشنەیی دانیشتوان، بەپێچەوانەی گوندەوە، شار چین و توێژی کۆمەڵایەتی و زمان و بیروباوەڕ و ڕەگەزی جیاوازی تێدا دەژیت. دیاردەی جۆراوجۆری لە شارە گەورەکاندا ئاساییە، ئەگەر لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە بڕوانینە ڕەوتی گەشەکردنی شارنشینی لە کۆمەڵگای کوردیدا، دەبینین لەژێر کاریگەریی فەرهەنگی بێگانە و هەڵکردنی خەڵکی شار لەگەڵ گۆڕانەکاندا، هەمیشە لە گوندەکاندا زیاتر زاراوە و کلتوور و داب و نەریتە کوردییەکان پارێزراون. چونکە کورد لەژێر سیاسەتی داگیرکەراندا خوێندنی بەزمانی کوردی نەبووە و کەناڵی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و سیستەمی پۆلیس و سەربازی کوردی نەبووە، لەبەر ئەوەی لە شارە کوردییەکاندا هەمیشە زمانی داگیرکەر زمانی فەرمی بووە، بۆیە ئەگەر خێزانێکی بێگانە لە شارێکی کورددا نیشتەجێ بوو بێ، لە ماوەی چەند ساڵێکدا چەندین خێزانی وەکو خۆی دروست کردووە و لە ڕێگای دەزگاکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیشەوە کاری بۆ گۆڕین و تێکدانی کلتووری شارە کوردییەکەش کردووە. ئەگەر ئەم نموونەیە پێچەوانە بکەینەوە، سەیری ئەو دەیان هەزار خێزانە کوردانە بکەین کە لەدوای کارەساتی ١٩٧٥دا ئاوارەی شارەکانی ئێران و خوارووی عێراق بوون، دەبینین دوای ڕاپەڕین و ئازادیی کوردستان و گەڕانەوەیان، زۆربەی منداڵەکانیان کێشەی فێربوونی زمانی کوردییان هەیە، بۆیە هێندەی شاری بێگانە کاریگەریی هەبووە لەسەر تاکی کورد، شاری کوردی نەیتوانیوە کاریگەر بێ لەسەر بێگانە.

کەرکووک یەکێکە لەو شارە کوردیانەی بەهۆی نەوت و سامان و خاک و شوێنە ستراتیژییەکەیەوە، هەمیشە جێگای چاوتێبڕینی بێگانە و داگیرکەران بووە، هەوڵی گۆڕینی باری دیموگرافی و سیمای ڕەسەنی کوردانەی شارەکەیان داوە، زەویوزار و خانووبەرە و بازاڕ و دوکانی شارەکەیان بەناوی خۆیانەوە تۆمار کردووە، سەرەڕای ستەم و ترساندن و دەرکردنی کورد لە شارەکەدا، عوسمانییەکان لە ساڵی ١٨٧٩دا کەرکووکیان لە پایتەختی ویلایەتی شارەزوورەوە کردە سەنجەقێک (متەسەڕفییەک) تەنیا ناوچەکانی کفری و هەولێر و کۆیە و ڕانیە و ڕەواندوزی لەسەر هێشتەوە، سەدان فەرماندە و کاربەدەستی خۆی هێنایە شارەکەوە، قشڵەی کەرکووک وەکو کۆنە سەربازگەیەکی عوسمانی و (معسکر خالد) وەکو پەناگەیەکی سوپای عێراق نموونەی بەزۆر حوکم کردنی ئەو شارە کوردییەن.

هەروەکو چۆن دوای ئازادکردنی کەرکووک دەبینین هەزاران دوکان و خانووبەرە و پارچە زەوی و بازاڕ و شوێنی گشتی بەناوی عەرەبی هاوردەی باشوورەوە تۆمار کراوە، لەدوای تێشکانی عوسمانی و هاتنی ئینگلیز و دامەزراندنی عێراق و لکاندنی کوردستان بەو دەوڵەتە تازەوە، سەدان پارچە زەوی لەناو شاری کەرکووکدا بەناوی نادیار و بۆ مزگەوت و شوێنی ئایینی و بێ ناوونیشان بوون. هەموو ئەمانە بەناوی وەزارەتی ئەوقافەوە تۆمار کران، دواتر هەتا کۆتایی حەفتاکان موڵک و زەویوزار و خانووبەرە و دوکانەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی گەیشتە سەدان ژمارە، لە ڕوانگەی بیری شۆڤێنستی بەعسەوە، ئەمە هەلێکی زێڕین بوو بۆ ڕاکێشانی عەرەب و نیشتەجێ کردنیان لە ناوەندی شار و دۆزینەوەی کار بۆیان. لە سەرەتا لە ڕێگای هێنانی فەرمانبەر بۆ شارەکە و دواتر تاپۆکردنی زۆربەی موڵکەکانی وەزارەتی ئەوقاف بەناوی شارەوانیی کەرکووکەوە، هەتا لە ڕێگای پارێزگارەوە بەسەر لایەنگرانی خۆیدا دابەشی بکات.

ئەگەر دڵۆپێک لە دەریای تاوان و سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس بەنموونە بێنینەوە، سەیری بڕیاری (١٢٥١)ی سەرکردایەتیی بەناو شۆڕش بکەین لە ڕۆژی ١٩٨٠/٨/٤دا دەرچووە، چۆن خاوەنداریەتیی نزیکەی (٤٠) خانوو لەگەڵ (٩٠) دوکان و چەندین گۆڕستان و گۆڕەپان لەسەر وەزارەتی ئەوقافەوە دەگۆڕێتە سەر موڵکایەتیی پارێزگا لە بەرامبەر قەرەبوویەکی دیاری کراو و دادپەروەرانە! بەگوتەی خۆی کە لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتییەوە دیاری دەکرێت. هەقە ئەمڕۆ دوای ئازادکردنی کەرکووک بۆ بەدواداچوونی ئەم پارچە زەوی و دوکان و خانووبەرانە، لیژنەی تایبەت پێک بهێنرێت، هەتا بزانین ڕژێمی لەناوچووی عیراق بۆ چ مەبەستێک ئەم گۆڕانکارییانەی کردووە؟ بۆ خزمەتی شارەکە و ئاوەدانی و ڕازاندنەوەی بووە یان بۆ تێکدان و وێرانکردنی گەڕەکە کۆنەکان و سڕینەوەی ڕەسەنی کوردانەی کەرکووک بووە؟.


قرارات مجلس قيادة الثورة

رقم ١٢٥١

استنادا الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٤-٨-١٩٨٠ مايلي :

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة

الاملاك التي قررت اللجنة استبدالها من محافظة التأميم

الجنس | الرقم | الموقع

الوقائع العراقية عدد ٢٧٩٤ — ١٢٨٨ — ١٩٨٠/٩/١٥


قرارات مجلس قيادة الثورة

الجنس | الرقم | الموقع

الوقائع العراقية عدد ٢٧٩٤ — ١٢٩٠ — ١٩٨٠/٩/١٥

ناوچەی شوان بەشێکی گرنگی کەرکووک

جوان عەبد ئیبراهیم

ناوچەی شوان لە ڕووی هەڵکەوت و پێگەی جوگرافی دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری کەرکووک و تا سنووری تەق تەق لە باکوور و پردێ لە ڕۆژئاواوە درێژ دەبێتەوە... ناوچەی شوان دوو عەشیرەتی سەرەکی کە (شوان) و (شێخ بزێنی)ین لەخۆ دەگرێت...

بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە (١٦٢٨٢) کەسە و پانتای خاکەکەی (٨١٩)کم٢ کە دەکاتە (١٥٪)ی ناوچەی کەرکووک.

ناوچەی شوان ڕاستەوخۆ بە سنووری شاری کەرکووک و گەرمیانەوە بەندە و (٣٠)کم لە ناو جەرگەی گەرمیانەوە دوورە.

لە درێژایی مێژوو و بەگوێرەی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بەگشتی و هەر لە سەردەمی خەلافەتی ئیسلامییەوە تا دەوڵەتی عوسمانی و پاشان دەوڵەتی عێراقی و دواتر هاتنی ڕژێم بەعسی لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ سەر حوکمی ئەم ناوچەیە وەک زۆربەی ناوچەکانی گەرمیان گۆڕانکاریی ئیداریی بەسەردا هاتووە بەڵام لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ لە هەڵمەتی بەدناوی ئەنفالدا خاپوور و وێران کراوە... ئەم قۆناغە تاڵترین قوناغی مێژوویی گەرمیان و ناوچەی شوانە.

لایەنی ئابووریی ناوچەکە

خاکی ناوچەی شوان، خاکێکی بەپیت و زەوییەکی فراوانی هەیە... خەڵکی ناوچەکە جگە لە دانەوێڵە چاندن کە پشت بەئاوی باران دەبەستێت لە نزیک ڕووباری (خاسە) کە مەزرایەگی زۆری هاوینە هەیە بایەخ بە باغ و دار و درەختی بەرهەمدار دەدەن...

هەمدیس مەڕومالات بەخێوکردن و پیشەی دەستی سەرچاوەیەکی دیکەی بژیوی ژیانیانە...

شوێنەواری دێرین

ناوچەی شوان وەک زۆربەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان چەندین شوێنەواری دێرین و پاشماوەی ڕەسەنی پیشەی مرۆیی تێدایە لەوانە:

١- گردی سەرگەردان لە نزیک گوندی سەیران و برایم بایز.
٢- مەزاری ئۆمەرمەندان لە گوندی ئۆمەرمەندان.
٣- خەرابەی عەزیز لە گوندی تۆمار.
٤- خەرابەی بانەبۆر لە نزیک گوندی گولەی گەورە هەروا چەندین شوێن و ناوچەی دیکەی شوێنەواری کە هەریەکەیان پێگە و مەنزلگای خۆی هەیە...

جێی باسە ئەم شوێنەوارانە تا ئێستا لێکۆڵینەوەی شوێنەوارییان لەسەر نەکراوە.

باری ڕۆشنبیریی ناوچەی شوان

کاریگەری شۆڕشی مەزنی ئەیلول ١٩٦١ بەسەر ناوچەکە لەڕووی ڕۆشنبیری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە زۆر ئاشکرا دیارە... بەر لە شۆڕشی ئەیلوول تەنها چوار قوتابخانە لە ناوچەکە هەبوو... دواتر لەگەڵ بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە زۆربەی گوندەکانی ناوچەکە قوتابخانە کرایە، باری ژیانی خوێندن و پەروەردە پەرەی سەند و ژیانی کۆمەڵایەتی بەرەوپێشەوە چوو... خوێندن جگە لە حوجرەی مزگەوتەکان پێگەیەکی دیکەی بۆ پەیدابوو کە قوتابخانە بوو.. ئەوسا قوتابخانەکانی ناوچەکە وەک پێگەیەکی زانستی و پەروەردەیی ڕۆڵی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵاتی و ڕۆشنبیریان بینی...

لە بواری ڕۆشنبیریدا ئەم ناوچەیە بەدەیەها شاعیر و نووسەر و ئەدیب و سیاسیەتمەدار و پیاوی کۆمەڵایەتی٠ تیدا هەڵکەوتووە کە لەنێو کۆمەڵگا مەدەنی کوردستاندا ڕۆڵیان دیارە.

سەرباری بەپیتی و دەوڵەمەندی ناوچەکە لە ئەدەبیاتی میللی و پەند و گۆرانی و داستانی قارەمانییەتی و دابونەریتی ڕەسەنی تایبەت...

ئەمانەش زیندوویی ئەو ناوچەیە دەسەلمێنی کە وێڕای ئەوەی چەندین جار بەر شاڵاوی تەعریب و ڕاگواستن و ئەنفالیش کەوتبێ بەڵام مۆرکی ڕەسەنی خۆی لەدەست نەداوە...

پاش ٢٨ ساڵی تەعریب خانەقین گەڕایەوە باوەشی کوردستان

د. نەجم ئەڵوەنی

پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، خانەقین ڕەشی پۆشی و مێردەزمەکانی بەعس نەیان هێشت تەنانەت فرمێسکی غەمباری بەئاشکرا هەڵڕێژێ بۆ سەدان خۆزگە و ئاواتی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی بناری شاخی بەمۆ و داڵە هۆ، کە لە پێناوی ئازادیی کوردستاندا بە ڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر، خۆیان کردە قوربانی و ناویان چووە ڕیزی نەمرانەوە.

لەوساوە خانەقین چاوەڕێی ئازادییەو شەوانە لە پاشا کۆپری و مەزرەعە و ئاغا و خەلیفە و کارێز و ئەرکەوازی بەحەسرەتەوە گوێ لە هۆرە و ناڵە جەرگ بڕەکەی ئەڵوەن دەگرێ.

سەدان شەو لەبن سایەی پۆستاڵ ڕەشەکانی بەعسدا، کوڕانی ئەم شارە، خۆیان دەدایە دەس خەیاڵ و بەزیندە خەون دەستیان لە ملی هەولێر و سلێمانی و دهۆک دەکرد، کە بەئازادی جەژنی نەورۆزیان سازدەدا و مژدەی ڕووخانی دکتاتۆریەتیان دەکردە پەیام و ڕەوانەی هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستانیان دەکرد.

بە دەستی بەعسییەکان، سەرەتا شار داگیر کرا پاشان زمانی کوردی یاساغ کرا، دوای ئەوە وەکو زاروو کەوتنە مژینی خوێنی لاوان و ئەوسا بە هەڕەشەو گوڕەشە هەزاران خێزانی کوردی خانەقینیان ئاوارەی باشووری عێراق و شارە ئازادکراوەکانی بن دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد تاکە مەبەستیان ئەوە بوو مۆرکی کوردایەتیی ئەم شارە بسڕنەوە.

بە زۆرداری زمانی ئەڵوەن تەعریب بکەن و بەرگی عەرەبایەتیی پێ پۆشن بەڵام وەکو کورد دەڵێ: (بەری هەتاو بە بێژنگ ناگیرێ)

خانەقینیش لە تەعریب یاخی بوو، ملی نەدەدایە شڕە خۆرەکانی ڕژێمە بۆگەنەکەی سەدام و ئامادە نەبوو جگە لە کوردستان خۆی بخاتە ئامێزی هیچ جوگرافیایەکی ترەوە.

پاش ئەوەی لە ٢٠٠٣/٣/١٦ زەنگی ئازادیی عێراق لێدرا خانەقین بووە دەروێش و چووە خەڵوەتەوە کۆڕی زیکری گەرم کرد و ڕۆخەکانی ئەڵوەن بوونە چراخان و کەوتنە چاوەڕێی هاتنی پێشمەرگەوە.

لە بەرەبەیانی ٢٠٠٣/٤/٩دا مۆڵگەکانی بەعس ڕووخان و دەنگی تەقەی ئازادی ترسی شاری ڕەواندەوە، هەڵهەڵە و بژی کورد و ئازادی بۆ کوردستان و مەرگ بۆ دیکتاتۆریەت لە ناو کۆڵان و شەقامەکانی خانەقیندا بووە سروود و ئاڵای کوردستان لەسەر باڵەخانە و شوێنە بەرزەکانی شار هەڵدرا بەم شێوەش جارێکی تر خانەقین و خانەقینییەکان ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دووپات کردەوە و هەموو ئاسەوارەکانی تەعریبیان ڕاماڵی.

ئازادبوونی مێژوو

مجەمەد تەها حوسێن

لە شوێنێکی دیکەدا وتومە، تۆپۆگرافیا واتە بەرزی و نزمی زەوی وەک فاکتەرێکی سروشتی کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر (دابڕانی کۆمەڵایەتی، بێ هێزی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هەمەڕەنگی کولتوور، مانەوە لە شێوە ژیانی کشتوکاڵی، بیرکردنەوە و شێکردنەوە لە چوارچێوەی فیکری میتافیزیک) داناوە و تا ئاستێکی زۆر بەرچاو کاریگەری ئەو فاکتەرە بەسەر یەکێتی هەست و سۆزی نەتەوەیی کوردی دەبینین و بەئاشکرا لاوازی پەیوەستەگی لە نێوان پێکهاتەکانی نەتەوە لای نەتەوەکەی خۆمان بۆ سەختی سەر زەمینی کوردستان دەگەڕێتەوە کە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەشێکی هەرەزۆری شار و شارۆچکە و لادێکانی کوردستان تەنها بەتوولە ڕێگای کەروبار و کاروان گەلی ئاژەڵە بارهەڵگرەکانەوە بەیەک دەگەیشتن، ئەم سادەییە لە گەشەی کۆمەڵایەتی کوردەواری ڕێک بەسەر فیکری کەسەکانیشەوە ڕەنگی داوەتەوە و کەسی کورد تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە قووڵبوونەوەی هزریدا چ لە بواری کولتووری چ لە بواری کۆمەڵایەتی و ئایینی نەگەیشتۆتە ئاستی لێکدانەوە بەمیکانیزمەکانی عەقڵ، واتە کەسی ئێمە لە مانا دۆزینەوە و پەیڕەوی ماناکاندا عەقڵانی نەبووە و تا ئێستاش نییە.

هەر بەتەنها ئەو فاکتەرە سروشتییە نییە ئێمەی کوردی وەک (نەتەوە) لەو قەدەرەدا هێشتۆتەوە، بگرە هەڵکەوتی جوگرافیشمان تا ئێستای لەگەڵدا بێ بووەتە سەر زەمینی بەیەک هەڵشاخینی بەرژەوەندییە تەماحکارییەکانی ئیمپراتۆریا و هێزە ئیقلیمییەکان و هەمیشە کورد لەو بەینەدا شێلدراوە و بەو پێیەی کوردستان بەبەردەوامی پێداویستییە سەرەکییە سەرەتاییەکانی ژیانی تێدا فەراهەم بووە هەرگیز کەس و کۆمەڵی کوردەواری ناچاری ئەوە نەبووە پەنا بۆ داگیرکاری ببات بۆ ئەوەی لەسەر حیسابی دراوسێکانی خۆی بژی، چون کۆمەڵگەکەشمان لەو واقیعە جوگرافی و تۆپۆگرافیەدا ژیاوە، هیچ کاتێ تا ئەوەندە هێزی بەرهەم نەهێناوە بۆ دەرەوەی خۆی بنێرێ. کەواتە کۆمەڵگەی کوردی هەرگیز دەستی لە کۆمەڵگە لە خۆی جیاوازەکان نەوەشاندووە.

با ئەوەندە بەسروشتەوە خەریک نەبین و بێینەوە سەر ڕاستییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و چاو بخەینە سەر کەرکووک و هەندێ لەو کاریگەرییانە لەسەر دابەشبوونە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئەوێ دەربخەین.

هەڵکەوتی کەرکووک لە ڕووی جوگرافیەوە هاوسنوورە لەگەڵ ناوچە عەرەبییەکان و لە دەرەوەی پرۆژەی تەعریب بەزەروەت لە زۆر خاڵدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بازرگانی لە نێوان ئەهلی ئەو دوو سەر زەمینەدا دروست بووە. ئەم ڕاستییە بەهیچ بڕیارێکی نامەنتیقی ناشاردرێتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە کەرکووک وەک شارێک لەسەر ڕێگای بەغدا و لەولاشەوە دەرچەیەک لە خۆرئاوا و باشوورەوە بۆ خۆرهەڵات بووە بەبنکەیەکی بەیەکگەیشتن و لە سەردەمی عوسمانییەکانیش بووەتە چەقی ڕێگا و لەو شارەدا کورد جگە لە عەرەب دۆستی دیکەشی بۆ پەیدا بووە.

دوای پێکهاتنی دەوڵەتی عێراق و ڕێک لەدوای دۆزینەوەی نەوت لەو ناوەدا غەزەبی کانەکانی ژێر زەویشی هاتە سەر و ئەوسا کورد لە دووکەڵی نەوت و تەعریبدا هەناسەی سوار بوو و نەوتەکە لەجیاتی ڕەحمەت بوو بەو سەرەخۆرە و نەیهێشت کورد خێر لە مانەوەی لە شارەکەی خۆی ببینێ.

لەجیاتی ئەوەی نەوتی کەرکووک ببێتە مایەی بەرەکەت بۆ ئەهلەکەی و وەک خەڵکی ئالاسکای ئەمریکا سالانە بەرەکەتی نەوتی خۆیان بەسەردا ببارێ، بوو بەهۆکاری سەرەکی دەرپەڕاندنیان و حکومەتەکانی عێراق قۆناغ دوای قۆناغ پلانی ڕاگواستن و بەعەرەبکردنیان جێبەجێ کردووە و لە هەوڵی شێواندنی ڕاستییە دێمۆگرافی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان بوونە.

مێژووی سیاسی عێراق هەمیشە مێژووی کۆمەڵایەتی و کولتووری ژێر پێ خستووە و ئەوانەی چوونەتە نێو ئەو مێژووەوە، یان نووسیویانەتەوە ڕاستییەکانی سەر زەوی و حەقیقەتەکانی لەنێو قووڵایی مێژووەوە هاتوون لەبیر بردۆتەوە و لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا مێژووش وەک فەزایەکی زیندەگی لە هێڵی گەشەی ئاسایی خۆی لادراوە و بەڕێچکەی هەڵە و لاڕێدا براوە.

ئەنتیکەییە کە لەوەدا بوو، مێژووی سیاسیی عێراق کە لە هەناوی فیکری کۆڵۆنیالیزمی ئەوروپایی هاتبووە دەر دەیویست حەقیقەتەکانی مێژووی نەتەوەیی و دابەشکارییە سروشتییەکانی بەیەکەوە ژیان و دراوسێیەتی بگۆڕێ، بەمانایەکی دیکە سنوورە دەسکردەکان بەسەر سنوورە سروشتییەکانی نێوان ڕەگەز و نەتەوەکاندا زاڵ کران و جەستە و هەناوی ئەو کۆمەڵگە دێرینانە شەق شەق کرا و پەیوەندییە سروشتییەکانیان لە نێواندا بڕا و لەوساوە تا ئێستا شا و قەلا و وەزیرەکانی شەترەنج بەپلانی عەقڵەکانی دەرەوەی خۆیان دەجووڵێن و هەڵدەسووڕێن. ئەم کەشی کۆڵۆنیالیزمە بوو بەو قەدەغە و پاوانەی هەموو فەرمانڕەواکانی ئازادانە دەست لە جوگرافیا و مێژوو وەردەن و بەئارەزووی ڕەگەزپەرستانەی خۆیان لێی خوڕن.

کەرکووک لەو یارییە دۆزەخییە، گۆڕەپانەکە بوو و دیارترین و گەورەترین هەوڵەکانی شێواندنی مێژوو و جوگرافیا لەوێ پیادە کران. مێژووی شارێک کەوتە بەر شەق و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئیش لەسەر پێکهاتەکانی ئەو مێژووە دەکرا، لادێ، خانوو، کێڵگە، مرۆڤ، گۆڕستان، ڕووداوەکان، لەنێو مێژوو دەهێنرانە دەرەوە.

ستراتیژیەتی ناونان لە فەرهەنگی داگیرکاریدا ناوی عەرەبی لە مێژووی عەرەبەوە بۆ مێژووی کورد ڕادەگواست بەو نیازەی ئەو ژینگەیە پڕ بکا لە پێدراوە نامۆکان و بەزۆر ژینگەیەکی عەرەبی بهێنێتە کایە و کورد و ئەوانی دیکەش ڕەفتار بەرامبەر ئەو پێدراوە نامۆیانە بنوێنن و سەرەنجام ڕەفتارگەلی عەرەبی لە شارەکە دەرکەوێ و هێواش هێواش سیمای شار سیمایەکی عەرەبانە نیشان دا.

خەڵکێکی لە ڕادەبەدەر عەرەب + ناو و ناتۆرەی عەرەبی + سەپاندنی خوێندن بەعەرەبی + بەردەوام ترس و ترساندن + ڕاگواستنی بەردەوام + ڕەگاژۆ کردنی کولتووری سیاسی و کۆمەڵایەتی عەرەبی. هەموو ئەوانە لە ئەنجامدا نیازێکمان بۆ دەردەخات کە ئەوانەی لە پشتییەوە بوون جگە لە ڕەگەزی خۆیان هەرچی ڕەگەز و نەتەوەی دیکە هەیە وەک ڕاستییەکانی بەرابەر لادەدەن و لە تێگەیەکی هەڵەی ڕەگەزپەرستیانەوە بەرەو تاواندنەوەی کورد دەچوون بەو مەبەستەی تاک ڕەگەزی و تاک زمانی بکەن بە تاکە شوناسی کەس و هاووڵاتی و نەتەوەیی عێراقی و ئەگەر بۆیان چووبایە سەر ئەم سیاسەتە لە بەندیخانەی بەعسییەکاندا ئیشی لەسەر جەستەی ئادەمییەکان دەکرد و لەپاڵ گۆڕینی ناوی گەڕەک و دوکان و قوتابخانەکان و ئینجا گۆڕینی ناوی کەسەکان دەیویست عەقڵەکانیش بە عەرەبی بیر بکەنەوە و کەسەکان لە خودی خۆیان نامۆ بکا و سەرەنجام بۆ خۆیان لە نووسینەوە و دروست کردنی مێژووی شێواودا کاراکتەر بن و مێژوو بخەنە سەر سکەیەکی شۆڤێنی. هەرگیز جیاوازییەکان کە هەر هەموویان سروشتین و نابن بەیەک و هەرگیزیش ناکرێ هیچ دوو مرۆڤێک تەنانەت لە یەک خێزاندا وەک یەک لێ بکرێن و وەک یەک بیر بکەنەوە، ئەمە چ جای ئەوەی نەتەوەیەک بکەی بە شتێکی دیکە.

کەرکووک بە درێژایی ئەو کاروانسەراییە و ئەو شێلانکارییەی لەسەری کراوە بووەتە مەکۆی جیاوازییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان و لەو زەمەنەی ئێستاشدا جوانترین و مەعقولترین دیمەن دەرکەوتنی جیاوازییەکانە و تا دێ کولتوورە ناوچەییەکان ڕوونتر دەردەکەون، تا چەند ڕێبازێکی سیاسی یا هەر کۆمەڵگەیەک دان بە جیاوازییەکانی خۆی و دەرەوەی خۆی بنێ، ئەوەندە عاقڵانە وەڵامی تیشک و دەنگەکانی گۆڕان دەداتەوە و چەندە خۆشی لە جیاوازی بەدوور بگرێ ئەوەندە و بگرە زیاتر و زووتر پەراوێز دەبێ، بۆ ئەم ڕاستییە نابێ هەرگیز پەراوێز بگرە هەرەسی ئەبەدی بەعس لە بیر بکەین. بە ڕزگاریی ئەم دواییەی کەرکووک، مێژوو هاتەوە سەر ڕێچکەی ئاسایی خۆی و ژینگەکە لە وروژێنەرە نامۆکان پاک کرایەوە، با جیاوازییەکانی کەرکووک وەک خۆیان بچنە نێو مێژوو و لەمەولا پەیوەستبوون بە سرینەوەی جیاوازییەکان جۆرێکە لە فیکری بەعسیزم و پێویستە زوو ڕیشەکێش بکرێ، بێ گومان سروشت پڕیەتی لە جیاوازی و تا جیاوازییەکان وەک خۆیان دەرکەون جووڵەی ئاسایی زیاتر دینامیکیانەتر دەبێ و با ئێمە لەمەولا لە خۆمان زیاتر کورد نەبین و عەرەبیش لە خۆیان زیاتر عەرەب نەبن و تورکمانیش لە خۆیان زیاتر تورکمان نەبن و ئاشوری و کلدانیش هەر وا. هەموومان با وەک خۆمان دەرکەوین.

Mtaha62@yahoo.com

با ئێمە لەمەولا لە خۆمان زیاتر کورد نەبین و عەرەبیش لە خۆیان زیاتر عەرەب نەبن و تورکمانیش لە خۆیان زیاتر تورکمان نەبن و ئاشووری و کلدانیش هەروا

بەڵێ بۆ لێبووردەیی... بەڵام

ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان تەقەیەکی لە بەعس نەکردبێت، ئێستا چەکی بۆ چییە؟

مجەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی

وەک ئاشکرایە، شاری کەرکووک لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە شارێکی تێکەڵاوە، لە کورد و تورکمان و عارەب و ئاشووری پێکهاتووە، دەیان ساڵە پێکەوە لە خۆشی و ناخۆشیی ئەم شارەدا بەشدارن. ڕژێمی بەعسیش لەوەتای لە ساڵی ١٩٦٨ەوە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست و پێشتریش لە ساڵی ١٩٦٣، هەوڵیداوە تۆوی دووبەرەکی لەو شارەدا بچێنێ و کورد بکاتە دوژمنی تورکمان و، عارەبی هاوردە بکاتە خاوەن ماڵ و سووکایەتی بەکورد و تورکمانیش بکات. ئەمە جگە لە دەرکردنی دانیشتووە ڕەسەنەکانی شارەکە. تا مۆرکەکەی بگۆڕێت و ڕێژەی عارەبی تیادا باڵا بکات.

بەڵام شوکر بۆ خوا بەیارمەتی هێزە هاوپەیمانەکان، عێراق بەگشتی و ئەم شارە بەتایبەتی لە مۆتەکەی ڕژێمی بەعس ڕزگاری بوو و، پڕ بەسییەکانی شنەی بای ئازادی هەڵمژی و هاتە پاڵ شارە ڕزگارکراوەکانی دیکەی کوردستانەوە.

کەرکووک کە هەمیشە ململانێی سیاسیی لەسەر بووە و، بەعس نەیویستووە بدرێتە پاڵ کوردستان، ئێستا خەریکە ململانێی ئەتنی لێ دروست بکرێت. قسە پڕ بەها و بایەخەکانی سەرۆک مسعود بارزانی، کە هەمیشە جەختیان لەسەر دەکاتەوە. بابەتی لێبووردەییە، بۆ ئەوەی کەس بیر لە تۆڵەسەندن و ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە نەکاتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی بیانوو بەدەست ناحەزانی کوردەوە نەدرێت، دەست لە کاروباری ناوخۆمان وەربدەن... ئەوەی تێبینی کراوە، نە لەناو شاری کەرکووک و نە لە هیچ شارۆچکەیەکی دیکەدا. کە کورد و تورکمان پێکەوە تیایدا نیشتەجێن، وەکو پردێ و کەرکووک و داقووق و دووز و خانەقین و شارۆچکەکانی دیکەش... کەس لە گوڵێ کەمتری بەهیچ هاووڵاتییەکی تورکمان نەوتووە... لەگەڵ ئەوەشدا دیارە یەکێک لە لایەنە تورکمانییەکان هەواڵی دەست هەڵبەست و ڕاپۆرتی چەواشەکارانە ڕەوانەی ئەنقەرە دەکات و، داوای تەدەخولی سەربازی و چەک و تەقەمەنیی دەکات، بۆ ئەوەی خۆیان لە غەدری کورد بپارێزن، کە لەو شارەدا بەقسەی خۆیان لێیان دەکرێت... لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی سەربازیی ئەمریکایی پەردەی لەسەر ئەو هەواڵە هەڵدەداتەوە، کە ژمارەیەک کۆماندۆزی تورکیا لە دەروازەی شاری کەرکووک بەبڕێکی زۆری چەک و تەقەمەنییەوە دەستگیر کراون و لە ڕێگای خاڵی ئیبراهیم خەلیلەوە سنورداشی تورکیا کراونەتەوە. دیارە ئەو کۆماندۆزانەی تورکیا بەنیازبوون ئەو بڕە چەکە بەو لایەنە بگەیەنن، کە داوای چەکیان کردووە... یاخود دەیانەوێ لە ڕێگای ئەو لایەنەوە، کە کراونەتە مەقاش و داردەست ئاژاوەیەک لە نێوان کورد و تورکمان بنێنەوە، هەر لەو ڕێگایەشەوە ڕێگا بەخۆیان بدەن لەشکرکێشی بکەن. گوایە تورکمانەکان لە ستەمی کورد دەپارێزن...

جا لێرەدا دەبێ هێزە هاوپەیمانەکان بەپلەی یەکەم و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەموو هێزە نیشتمانپەروەرەکانی دیکە و سەرجەم هاووڵاتیان بەکورد و تورکمان و ئاشووری و عەرەبەوە، لە پیادەکردنی ئەم سیاسەتە مەترسیدارە ئاگادار و وریابن. وا دیارە ناحەزانی کورد، دەیانەوێ ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان کورد و تورکمان دروست بکەن و کارەساتەکەی ساڵی ١٩٥٩ لە کەرکووک دووبارە بکەنەوە... ئاخر زۆر سەیرە لە لایەک هاوپەیمانەکان یەک بەیەک بارەگاکانی پارتی و یەکێتی و حزبەکانی دیکە بەدوای چەکدا دەپشکنن، کەچی ئەوان تازە بەتازە بەدوای چەکدا دەگەڕێن و دەیانەوێ خۆیان پڕ چەک بکەن. ئاخر چەک لە دژی کێ؟ ئەمە ٣٥ ساڵە ڕژێمی بەعس ئێوەش لەگەڵ ئێمەدا دەچەوسێنێتەوە و دەربەدەرتان دەکات، بۆ چەکتان هەڵنەگرت و دوو تەقە لە (منظمە)یەکی بەعس بکەن؟ کەچی ئێستا کە شار ئازاد کراوە، خەریکە چەکی تیادا نامێنێت، ئێوە خۆتان پڕ چەک دەکەن؟

با ئەوەشتان بیر بهێنینەوە، کە حکومەتی بەعس بە هەزارەها خێزانی عەرەبی لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هێنا و لەناو شاری کەرکووک خانووی پێدان و شوقەی بۆ دروست کردن و ئیمتیازاتی زۆری پێدان... تاکو ئێستا لە جێی خۆیاندا ماونەتەوە و کەس غەدری لێ نەکردوون... ئەی بۆ غەدر لە ئێوە بکرێت، کە سەدان ساڵە لە خۆشی و ناخۆشیی هاوبەشی ئێمەن؟.

بۆیە هیوادارم برا تورکمانەکانی کەرکووک بەو دروشمە چەواشەکاریانە هەڵنەخەڵەتێن و بوار بەو تاقمە سەر لێ شێواوە نەدەن ڕۆڵەکانیان بکەنە سووتووی شەڕێکی دیکەی ناوخۆ... کە پەنا بەخوا جارێکی دیکە عێراق شەڕ بەخۆیەوە نابینێت.

بیروڕا

هەڵۆ ئۆرمزیار

ئێمە تێکڕای خەڵکی کەرکووک ئێستا لە دۆخێکداین، بە پێچەوانەی جاران، هەر خۆمان بڕیاری گەشەپێدان و بەرەو پێش بردنی شارەکەمان دەدەین، کارێکە باشە کە هەر هەموومان بیروڕامان هەبێت، دەکرێ دەربارەی هەر شتێکی گەورە و بچووکی شار هەر یەک لە ئێمە قسەی هەبێت، کورد دەڵێ؛ «دوو عەقڵ لە عەقڵێک باشترە» و لە هەر کار و پرۆژەیەکیشدا کە هەموو بیروڕاکان گوتران و هەمووشیان لە بێژنگ دران، بەرکێشەیەکی لە بەرژەوەندی هەموواندا دەبێت. بۆ نموونە کاتێک بڕیار دەدرێ بۆ یەکێ لە گەڕەکەکانی شار باخچەیەک دروست بکرێت، چی لەوە چاکتر دەبێت کە خەڵکی ئەو گەڕەکە خۆیان بەپێی توانا و دەرفەت شێوە و شوێن و ڕووبەری باخچەکە دیاری بکەن؟ مامۆستا و پەروەردەکارانی ئەو گەڕەکەش چاکتر لە خەڵکی دی دەتوانن جۆری ئەو ئامێر و ئامرازانەی یاریی منداڵانی گەڕەک دیاری بکەن. بە هەمان شێوە دەکرێ سوود لە پسپۆڕانی بواری کشتوکاڵ و باخچەوانی و هونەرمەند و ئەندازیارانی گەڕەک وەربگیرێت بۆ چاندنی دار و درەخت و گوڵزار و چیمەن و ڕێک خستنی دیوار و پەرژینی باخچە و دابەش کردنی ڕووبەرەکان و جوان کردنی دار و دیوار و ڕێڕەوەکانی. ئەوەشمان لە بیر نەچێت، لە ئێستا بەدواوە ئەنجومەنی شارەوانیی کەرکووک دەبێ سەرچاوەی بڕیاردان و نەخشەڕێژی بێت بۆ گەشەپێدانی شار لە هەموو ئاستێکدا، هەروەها سەرۆکی شارەوانیش نابێ کەسێکی لە پەراوێز کەوتوو بێت، بەڵکو ئەو دەبێ (کەسێکی) شار بێت و دڵسۆز و خاوەن دەسەڵاتێکی ئەوتۆی دەستووری و یاسایی بێت، کە بتوانێت بەرامبەر بە بڕینەوەی دارێک گەورەترین کێشە بوروژێنێ. هەروەها وامان پێ باشە شارەوانیی کەرکووک بە چەشنی شارەوانیی وڵاتانی ڕۆژاوا هەرچی ئەرکی مەدەنی هەیە بیگرێتە ئەستۆ، بە مۆدێرن و پێشکەوتووانە کار بکات.

کەرکووکییەکی بەتەمەن:

جەمال عەبدولناسر ڕازی بوو ڕۆژانە نیو سەعات پەخشی ڕادیۆ بە زمانی کوردی هەبێ

گفتوگۆی: دلێر سدیق

چەرخی زەمان دەسووڕێ و لەگەڵ خۆیدا لێشاوی هەزاران بیرەوەری و یادگار و ڕووداو ون دەکات، هەر مرۆڤێکی سەر ڕووی جیهان و تەنانەت هەموو زیندەوەرێکی گەردوون و، بگرە دار و بەردی بێ گیانیش، لاپەڕەکانی تەمەنێک ڕۆژگاری سەیر و سەمەرەیان لە نێو سنگ و لە کەینونەی خۆیاندا قەتیس کردووە، بۆ ئێمەی ئادەمی زمان کلیلی دەرگای نهێنییەکانە، کە زمانیش گۆی نەکردو قەڵەم بە لاپەڕە و پەڕاودا نەخش ئارایی نەکرد، کەواتە دۆسیەی نهێنییەکانی کەینونەیەک (چ گیاندار بێت یان بێ گیان) کپ بوو، کە هەتا ڕۆژی مەحشەر کەس نابێ پەی بەو نهێنیانە ببات! دەی دەسا ئەمە ژیان و گەردوونە و دەسەڵات و تواناکانی ئێمە دە هەمبەریدا بچووکتر لە گەردیلەی نێو دەریا و بیابانە.

بە کورتی شانازییەک لەوەدا نییە کە گۆلێک ڕاستی و هەندێ وردە زانیاری بزانین، لە نێو شەپۆلی هاروهاجی دەریای نهێنییەکاندا، ناکرێ دەستبەرداری گەردیلەیەکی زانیارییش بین، ڕەنگە پەیدۆز کردنی گەردیلەیەکی زانین و زانیاری دەریایەک شکۆمەندی بە مرۆڤ ببەخشێت و، واتا و پاساوێک بە ژیانی بدات.

لە سەرەتای مانگی ئاداری (٢٠٠٣)دا بوو لە تەک (مستەفا مەولوود حوسێن)دا دانیشتین کە تەمەنی هەشتا ساڵی تێپەڕاندووە. دۆستێکی نزیکم پێی گوتم کە ئەم پیرەمێردە یادگاری زۆری لە لایە، لە نێو تێکڕای یادگارەکاندا نەورۆزی کەرکووک سەرنجی ڕاکێشام، هەر بەو نیەتەشەوە من و ئەو دۆستەم ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/٦ چووینە خزمەتی ئەو زاتە لە گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری هەولێر.

(مستەفا مەولوود حوسێن) ساڵی ١٩٢١ لە گوندی گۆگجەی نزیک کەرکووک لەدایک بووە، لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم بە ئەمانەتەوە قسە و یادگارەکانی بگوازمەوە، بە چاک و خراپیش دەست لە زانیارییەکانی وەرنادەم، ئەوەندە نەبێ لە شوێنێکی کە زۆر پێویست بێت، بە چەند وشە یان ڕستەیەکی نێو دوو کەوانە، ڕوون کردنەوە و سەرنج دەخەمە ڕوو. وا چاکە ئەوەش بڵێم کە ئەو گەلێ شت و ناوی لە بیر چوو بووەوە، بەڵام زەینی ڕەوان و هۆش و ئیدراکی تەواو بوو.



مستەفا مەولوود حوسێن

ئایینی زەردەشتی هاتووەتە کەرکووک، هەرچەندە من هیچ شوێنەوارێکی ئەو ئایینەم تێدا نەدیوە، هەر لە ١٩٢٥ەوە بەعەرەب کردنی کەرکووک دەستی پێ کردووە، لەو ساڵەدا پرۆژەی ئاودێریی حەویجە دەستی پێکرد، مەلا ئەسعەدی مەحوی و مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی لەو کاتەدا لە بەندیخانەدا بوون و لەو پرۆژەیەدا بێگاریان پێ کراوە، ئەوان لە١٩٥٧دا لە پرۆژەی ئاودێریی حەویجەدا بێگاریان پێ کراوە.

ساڵی ١٩٣٩ لە گوندی گەڵۆزی (ڕۆژهەڵاتی پردێ) فەقێ بووم و لە لای مەلا عەبدوڵڵای گەڵۆزی دەمخوێند، هەر ئەو کات لە قەڵای کەرکووکدا کورد و تورکمان و کلدان دەژیان، ئیمام قاسم و بلاخ کورد بوون، پیریادی جوو لەگەڵ کەمێک تورکمان دەژیان، مووسەڵا تورکمان بوو، تەپەی مەلا عەبدوڵڵا بە زۆری کورد بوون لەگەڵ هەندێ مەسیحی، شۆریجە هەمووی کورد بوو.

ئەو کات دوو بازاڕ هەبوو، بازاڕی گەورە و بازاڕی قۆریە، بازاڕەکان بە دەست تورکمان و کوردەوە بوون، جووش لە بازاڕدا دەستێکی باڵایان هەبوو، لە دامێنی شاردا هەندێ عەرەبی گامێشەوان هەبوون پێیان دەگوترا حەدیدی، شار لە هەموو لایەکەوە بەگوندی کوردان دەورە درابوو، شۆراو، سێ کانی، چیمەن، یاروەلی، پەنجا عەلی، کوردەمیل.

لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا ئیزگەی کوردی لە قاهیرە کرایەوە، ئەو کات بۆ خوێندن چوومە میسر و زانکۆی ئەزهەر، لەوێدا عەبدولحەمیدی ئیمام هەبوو، کوردێکی دهۆکی بوو، هەر لەوێدا ژنی هێنا بوو، باری ژیان و گوزەرانی زۆر خراپ بوو. لەوێدا (ڕابیتە)ی قوتابیانی عیراق هەبوو کە (٣٠٠) قوتابیی عەرەب و کورد و تورکمان ئەندامی بوون. قوتابیانی کورد دەبوو دابەش ببن و بچنە بن بەیداخی وڵاتانی تورکیا و ئێران و عیراق و سووریا، عەبدولحەمیدی ئیمام گەرەکی بوو کوردایەتی بکات، قسەی لەگەڵمان کرد، بڕیارمان دا ئیزگەیەکی کوردی بکەینەوە، عەبدولحەمیدی ئیمام پێشتر عەریزەی دابوو، لەبەر ئەوەی ناتەباو ناکۆک بووین، ڕێکنەکەوتین و بیرۆکەکە سەری نەگرت.

محەمەد ڕەمەزان (بە بڕوای من محەمەد ڕەمەزانی بۆتییە) کوردێکی زۆر چاک و خەڵکی سووریا بوو، هاتووچۆی منی دەکرد و ماستەری سەرف (علم الصرف)ی دەخوێند، پێکەوە ڕێککەوتین قسە لەگەڵ محەمەد حوسێن مەلا سەرۆکی ڕابیتەی قوتابیانی عیراقدا بکەین، محەمەد ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و خەڵکی گوندی چەغەمیرەی نزیکی هەولێر بوو.

محەمەد ڕەمەزان پێی گوتم: باوکم دارا و دەوڵەمەندە، ئازادی کردووم و پێی گوتووم هەرچی سامان و داراییەکی هەمە لە ڕێی کورد و لەسەر کورد خەرجی بکە، بیرۆکەی ئیزگەکەشی پێ باش بوو.

محەمەد ئیمام و محەمەد ڕەمەزانم بە یەکدی ناساند، محەمەد ڕەمەزان (٢٥) جوونەیهی دایە محەمەد ئیمام کە لە نەداریدا گۆنای قووپا بوو، هێندە بەو یارمەتییە گەشایەوە کە شاگەشکەی کرد. لە ساڵی ١٩٥٧دا بوو چووین بۆ لای وەزیری ناوخۆی میسر، محەمەد ڕەمەزان لە ئێمە شارەزاتر بوو، چوارپاکەتە جگەرەی کۆپی و هەر پاکەتە و دووسێ جونەیهی پێوە دەنان، کارمەند و فەرمانبەرانی وەزارەت ڕوویان تێ کردین و بە کاری ئێمەوە خەریک بوون، گوتیان بڕۆن هەفتەیەکی دی وەرنەوە، ئێستا دۆسیە و داواکارییەکەتان نادۆزینەوە بە سێ تا چوار جار هاتن و چوون ئنجا توانیمان داواکارییەکە بدۆزینەوە، پاشان کەوتینە دوای داواکارییەکە (عەریزەکە)، ناردیانە لای جەمال عەبدولناسری سەرکۆماری میسر و گوتیان؛ بچن و نەچن جەمال عەبدولناسر ڕازی دەبێت.

کە چووینە لای زۆر دەترساین، یەکێ لە پرسگە پێی گوتین؛ جەمال عبدولناسر سەعیدییەو لە خۆتانە، لە زەمانی سەلاحەدینەوە (٢٤) گوندی کوردن لەم ناوە، ئەویش کوردە و سەعیدییەکان خەڵکی زل و قامک گەورەن، لە پرسگە کە وایان گوت، ئێمە هاتینەوە سەر خۆمان، یەکێکی دی هەر لە پرسگەدا گوتی؛ جەمال عبدولناسر چووبێتە هەر وڵاتێکی ئیسلامی گوتوویەتی، گەر کاری کوردیک و عەرەبێک هاتە لاتان، کاری کوردەکە پێش بخەن.

چووینە لای سەرکۆماری میسر، محەمەد ئیمام پێشمان کەوت، چاو جگەرەیان دا پێمان، دەربارەی کورد و کوردستان لە زۆر شتی پرسی، لە پێش هەموو شتێکیشدا لە شێخ مەحمودی حەفیدی پرسی، پێمان گوت، نەماوە، پاشان دۆسیەکەی کردەوە و گوتی لە میسردا بە(٢٩) زمان پەخش هەیە، با هی ئێوە ببێتە (٣٠)یەمین زمان. ڕازی بوو ڕۆژانە نیو سەعات پەخشی ئێزگە بە زمانی کوردی هەبێت.

ساڵی ١٩٣٦ لە تەک چەند کەسێکی دیکەدا ئەندامی پارتی هیوا بووم، وەک بێتەوە بیرم لە ١٩٣٩دا لە قوتابخانەکانی هەردوو گەڕەکی ئیمام قاسم و شۆڕیجەدا خوێندن بە زمانی کوردی هەبوو، ساڵی ١٩٥٥ محەمەد تۆفیق وردیم ناسی، پێکەوە لە بەغدا چووینە لای مام جەلال کە ئەو کات قوتابیی کۆلیژی ماف بوو، لەگەڵ کاک لوقمان و کاک ئیدریس بارزانی پێکەوە هۆدەیەکیان بە کرێ گرت بوو.

لە نەورۆزی ئەوسا تایەمان دەکرێ و لە دەوروبەری شاردا ئاگرمان دەکردەوە، بەیانیی نەورۆزیش دەچووینە وەکاشە، مەلا حەمەدەمینی قوشاغلۆو ئیمام تابوور بوو، لەگەڵ ئەفسەرەکانی سوپادا دەهاتنە لامان لە وەکاشە و بەشداریی نەورۆزیان دەکرد، هەر لەسەر نەورۆز و کوردایەتی بە کاکمیان گووت بوو، کافرە و جایز نییە هاونشینیی بکرێت.

هەروەها لە میسر لە پێشەوەی ئەو کەسانەدا بووین کە پێشوازییان لە بارزانی کرد لە کاتی گەڕانەوەی لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بەرەو وڵات.

ئەرێ شوێنی سەربازگەکان بکەینە چی؟

تاریق کارێزی

ڕژێمی بەسەرچوو بایەخێکی زۆر و بێ ئەندازەی بە سەرباز و سەربازگە دەدا، گەورەترین خولیای دیکتاتۆر لە عەسکەرتاریدا بوو، شێوازی هەمەجۆری بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی نێرینەی وڵات خاکی پۆش و چەک بە دەست بکات، هەموومان ناونیشانەکانی (موکەلەف) و چوار پێنج (ئیحتیات) و ئینجا (جەیشی شەعبی) و پاشان بە ناهەق بەکار هێنانی ناوی شارێکی پیرۆز بۆ (جەیشەلقودس) و پاشان کۆکردنەوەی خەڵکی هەرزە و بێ ئەزموون بە ناوی (فیدائییەکانی خۆی)مان لەبیرە.

کابرای گۆرین - کە پیاو پێویست ناکات هەر ناویشی بێنێت - لە ماوەی ئەو (٢٤) ساڵەی ڕاستەوخۆ حوکمڕانی عیراق بوو، (٢١) ساڵی بە شەڕ و فەرتەنە بە ئێمە بردە سەر و ملیۆنان عیراقی ئازار و مەینەتییان دەکێشا و سەدان هەزاریشیان دەکوژرا و تێدا دەچوون، ئەویش پاڵەوانی سەرکەوتنە وەهمی و بێ بناغەکان بوو. بەڵام دەی تازە هەرچەندی بە دوای ئەو چووەدا بچین هیچ بە هیچ ناکەین، چاکتر وایە خەمێک لەوە بخۆین کە لە پاشی بەجێ ماوە.

وەک تێبینی دەکرێ نەک هەموو شارە گەورەکان بەڵکو هەموو شارۆچکەیەکی ئەم وڵاتە بە لای کەمەوە سەربازگەیەکی گەورە و گران پێشتر ئابڵووقەی دابوو، سەرجەم ئەو سەربازگانەی لە پاشی (ئەو) بەجێ ماون لە خاکی زۆر بە پیت و شوێنی گرنگ و هەستیاردا دروست کراون، ئامارێکم لە بەردەستدا نییە تا بزانم چەندین ملیۆن دۆنم زەویی کشتوکاڵی ئەم وڵاتە کراوەتە سەربازگە و لە ڕووی ئابوورییەوە ساڵانە چەند زەرەر و زیانی بە داهاتی وڵات گەیاندووە؟ هەر بە هۆی سیاسەتی عەسکەرتاریانەی ڕژێم و ئەو هەموو سەربازگانەی دروستی کرد بوون، هیچ شارێکی کوردستان و سەرلەبەری عیراق لە ڕووی نەخشەدانانی ئاوەدانی (التخطیط العمراني)یەوە بە شێوەیەکی ئاسایی گەشەیان نەکردووە، واتە ئەگەر بوار بە شارێک درا بێت گەشە بکات، ئەو گەشە کردنە لەگەڵ خواست و پێداویستی ژیانی ئەواندا یەکی نەگرتووەتەوە، بەڵکو دیوار و پەرژینی سەربازگە هێڵێکی سووری ئاگرین بوو، هیچ دەسەڵاتێکی مەدەنی و ئاوەدانی حەدی نەبوو هەر ناویشی بێنێ.

بەر لە کەرکووک، شارەکانی دیکەی کوردستان هەمان گرفت و میحنەتی شێرپەنجەی سەربازگەیان هەبوو، دوای ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ ئیدی زۆربەی شارەکانی کوردستان، کەرکووکی لێ دەربچێ، دەرفەتی ئەوەیان بۆ هاتە پێش کە شارەزا و دڵسۆزان خەمی لێ بخۆن، پاشان جۆرەها پێشنیار و نەخشەی کار داڕێژرا، سەرەنجام و دوای یازدە ساڵ لە تەمەنی کار و خزمەتی حکومەتی کوردستان، ئێستا بە جۆرێک لە جۆرەکان گرفتی سەربازگە لەو شارانەدا چارەسەر کراوە. بۆیە من وای دەبینم ئێستا کاتی ئەوەیە تێکڕا خەم بۆ کۆنە سەربازگەکانی کەرکووک و دەوروبەری بخۆین، دەتوانین لەم ڕووەوە سوود لە ئەزموون و شارەزایی پسپۆڕانی حکومەتی کوردستان لە شارەکانی دیکە وەربگرین.

بۆ نموونە سەربازگە گەورە و بەربڵاوە کۆنەکەی هەولێر، ڕووبەرێکی فراوانی لێ کراوەتە پارکێکی گەورە و زۆر جوان و دەگمەن، چەندین ڕێگاوبانیش لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆنە سەربازگەیەدا دروست کراوە، هەر بەپێی گەشە کردنی ئاوەدانی و شارستانیانەی شاری هەولێر وەک بازنەی یەک بە دوای یەک بە دەوری قەڵا دێرینەکەی شاردا، بەشێکی زۆری زەوی و زاری کۆنە سەربازگە لە نێوان هەردوو ڕێی (هەولێر - عەنکاوە) و (هەولێر - مووسڵ) جیا کراوەتەوە و بەسەر چین و توێژەکانی خەڵکی شاردا دابەش کراوە، بۆ ئەوەی گەڕەکی نوێ و ئاوەدانی لێ دروست بکرێت و ئەو بۆشاییە ئاوەدانییەش پڕ ببێتەوە کە کاتی خۆی سەربازگە کۆنەکەی ڕژێم بە دەم لا جەرگی شارەوە دروستی کرد بوو. ئەوەی شارەزای سلێمانییش بێت دەزانێ کاتێ خۆی بەر لە ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ حامیەی سلێمانی و سەربازگەی سەلام چۆن یەکەمیان ناوجەرگەی شار و دووەمیشیان گرنگترین ڕێ و دەروازەی بەرەو شاری سلێمانییان شێواند بوو، بۆ ئەمانیش حکومەتی کوردستان بڕیاری دروست و لەباری دا، حامیە کرایە پارکی ئازادی و سەربازگەی سەلامیش جێی سەدان پرۆژەی جۆراوجۆری کشتوکاڵ و پیشەسازی و ئاوەدانیی تێدا دەبێتەوە.

گەر بێینە سەر کەرکووکە حەیاتەکە دەبینین لەم ڕووەوە پتر لە هەر شارێکی دیکەی کوردستان کەوتووەتە بەر سندمی سەربازگە و تەلبەندی ڕەبیە و مۆڵگەکان کەڵبەیان لە جەستەی شار گیر کردووە. سەرنج ڕاکێشترین دەرکەوتی سروشت و ژینگە لەم شارەدا، دوای ئاگر و چەوریەکەی باوەگوڕگوڕ، زنجیرە چیای سێکانیانە، کەچی هێندەی من بە بیرم بێت وا بۆ چل ساڵ دەچێت، سنگی ئەو زنجیرە چیایە سەنگەر کوت کراوە، ئەو سەنگەرانە لە جەوەڵ بۆرەوە دەستیان پێ دەکرد و زێی بچووکیان دەبڕی و بە دیار زێی گەورە دەبڕانەوە، کە لە بڕی نزیکەی ١٥٠ کیلۆمەتر درێژی زنجیرە گوڵ یان ڕیزە دار ئەو دەیان کیلۆمەترە هەر سەنگەر و گوللە و تەلەزی و تەقەمەنی و مین بوو!

بە ڕاستی مێشکی پڕ لە بارووت نەخشەی ئەم سەنگەربەندییەی داڕشتووە. کار بەوەندە نەوەستاوە، بەر لە ڕاپەڕین لە کەلی سێکانییەوە تا دەگەیشتە پردێ، لە ڕێیە گشتییەکەوە تا دەگەیشتە سەر زنجیرە چیایەکە یەک پارچە سەربازگە بوو، نەک هەر ئەوەندە قەڵاکانی دارەمان و سەقزلی و پردێش بە هەر چوار دەوریانەوە پڕ کرا بوون لە سەرباز و تانک و تۆپ. بەم دیویشدا لە عەرەفەوە تا دەگەیشتە دووبز یەک پارچە سەربازگە بوو، ئەمجارە لە عەرەفەوە تا دەگەیشتە تسعین هەر هەمووی بە قووڵایی دەیان کیلۆمەتریش بەرەو دوا هەر سەربازگە بوو! لەوێش بە دواوە ئنجا سەربازگەی بەدناوی خالید و پاشان سەربازگە شوومەکەی تۆبزاوە.

بە هەمان شێوە ڕێگاکانی کەرکووک بەرەو بەغدا، کەرکووک بەرەو سلێمانی، دەوروبەری لەیلان و تازە، ئیدی لەوێشەوە بەرەو خوار تا دەگەیشتە دووز و کفری و ئنجا حەمرین، شوێن نەبوو سەربازگەی لێ نەبێت. بە ڕاستی بەر لەم گۆڕانە وڵاتمان هەر چەشنی سەربازگەیەکی سەرتاسەری بوو. دوور نییە خوێنەران بە پسپۆڕێکی سەربازی بمناسن، لە ڕاستیدا نەک هەر وا نییە بگرە نارەحەتترین ڕۆژگاری ژیانم ئەوە بوو کە ڕژێمی پێشوو سێ جار دوور لە ویست و خواستی خۆم بەرەو سەربازی ڕاپێچی کردم.

گەر بگەڕێینەوە سەر ئەو پرسیارەی کردمانە ناونیشانی ئەم بابەتە، دەبێ بڵێم؛ ئەرێ شوێنی سەربازگەکان بکەینە چی؟ من قبووڵمە هەر وەڵامێکی ئەو (چی)یە بدەنەوە، تەنیا ئێوەو خودا مەڵێن با دووبارە بیانکەینەوە سەربازگە.

ڕێگەی نێوان کەرکووک و پردێ

بنیادەم کە لە هەولێرەوە بۆ کەرکووک دەچێت، دەبێ بە درێژایی ئەو ڕێگایە ئاوڕی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە بداتەوە و دەیان کەلاوەی سەربازگە بژمێرێت و حەسرەت بۆ جوگرافیایەکی شێواو هەڵبکێشێت، لێ هەرکە دەگەیتە پردێ، ئیدی تا دەگەیتە بن کەرکووک، ئەوا هەر قەڵای سەخت و قایمە و دێتە ڕێت، هەر یەکەشیان نزیکەی هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕووبەرەکەیەتی...

لە دیمەنی ئەم قەڵایانەوە بیرۆکەی سەیر سەیرت بۆ دێت؛ هەندێ جار مرۆ وا هەست دەکات ئەمێستا سەردەمی سوارچاکیی سەدەکانی ناوەڕاستە و ئەو قەڵا سەختانەش بۆ مەبەستی سوارچاکی و قارەمانێتی دروست کراون و پڕن لە پاڵەوان و مرۆی بە شان و بازوو. بڕێ جاریش وات بە خەیاڵدا دێت، کە ئەوەی ئەم قەڵا و سەربازگانەی دروست کرد، نیازی وا بووە کە دەبێ ئەم وڵاتە هەتا هەتایە لە جەنگ و کوشتاردا بێت و کەللەسەری مرۆڤ بە دەوریدا تۆپ تۆپێنی پێ بکرێ. بۆشی هەیە یەکێک وا بیر بکاتەوە، کە هەر یەکێ لەم قەڵا سەختانە سەردەمێکی دوور و درێژ مرۆڤی بێ تاوانیان تێدا ئازار دراوە و بە ئەشکەنجەی دڕندانە گیانی لەدەست داوە...

دوای هەموو ئەمانە حیکمەتی ژیان پێمان دەڵێت: مەخابن، کە هەموو ئەو سەروەت و سامانەی ئەم وڵاتە لە شتی وا تووڕەهات خەرج کرا و بەشی هەرە زۆری خەڵکیش بە زگێ برسی و بە زگێ تێر ژیانێکی کولەمەرگیان بردە سەر. ئەی دەبێ بیر لەوە نەکرێتەوە کە هەرەس بەم قەڵا سامناکانە بهێنرێ و هەر بە کەرەسەی ئەو قەڵایانە چەندین قوتابخانە بۆ گوندە وێران کراوەکانی دەڤەرەکە دروست بکرێ. لەوەوڵاش جێگەی قەڵاکان وەک جاری جاران بکرێتە کێڵگە و نانیان لێ بەرهەم بهێنرێ!؟.

تراژیدیای ئەنفال و ئاوارەبوون

بەسەرکردنەوەیەکی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی کەرکووک

وێنە و رییۆرتاژ: نەبەز ڕۆستەم

ئافرەتی کۆمەڵگەی کوردەواری بەوە ناسراوە، کە قەت گۆشەگیر و دوورەپەرێز و داخراو نەبووە، بەبیانووی شەرمنی و پاراستنی حەیای خۆی، خۆی نەپەستاندۆتە ژوورەکانی ماڵە باب و ماڵە مێردیەوە، بەڵکو هەردەم هاودەنگ و هاوکار و پشت و پشتیوانی باب و برا و هاوسەری بووە و باری گرانی گوزەرانیانی کەمێک سووک کردووە... لە لادێ شەغرەکێش و گیشەکەر و بێری و مافوورچن بووە... لە گەرمەی شۆڕشەکاندا، پێشمەرگە و چێشت لێنەر و نانەدر و برینپێچی پێشمەرگان بووە. لە شاریشدا فەرمانبەر و مامۆستا و پزیشک.

ئەمانە لە بارودۆخێکی ئاساییدا، بەرجەستەکردنی ئەو هەقیقەتەیە، کە دەڵێ: ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، بەڵام کاتێ کە چەپۆکی ڕەشی مەرگی ناوەخت و پڕۆسەی بەدناوی ئەنفال و شوێن بزرکردن گەیشتۆتە ناومالی و هاوسەر و برا و باوکی لێ سەندۆتەوە، ڕەوشەکەی لێ ئاڵۆز و دژوارتر کردووە، ئەو کاتیش مەردانە ڕووبەڕووی ئەم کارەساتانە بۆتەوە و جێگەیانی گرتۆتەوە و شانی داوەتە بەر باری گرانی پەیداکردنی بژێویی خێزانەکەی.

شاژنی ماڵی خۆی و خاوەن زەویوزار و ڕانەمەڕی خۆیان بوونە، لە شەو و ڕۆژێکدا عەرشی شاژنێتی و گشت سەروەت و سامانی دنیای لە دەست داوە، نەفس بەرزی و خانەدانیی خۆی خستۆتە ژێر پێوە و قۆڵ و بازووی کارکردنی لێ هەڵماڵیوە، تاوێک بەنانکەری و جل شۆریی ماڵان و تاوێکی تر بەبەرگدرووییی و لیفکە و مافوورچنین، زارۆکانی بەخێو کردووە.

زۆرن ئەو ژنە شەهیدانەی، بەبێوەژنی بەدیار زارۆکانیانەوە دانیشتوون و چەندین خوازبێنییان ڕەتکردۆتەوە و بڕیاریان داوە، ببنە دایک و (باوک)ی هەتیوەکانیان.

زۆریشن ئەو ئافرەتە مێرد ئەنفالکراوانەی (١٥) ساڵی ڕەبەقە، جۆرەها دەردەسەری دەچێژن و بەئاوارەیی ئەم شوێن و ئەو شوێن دەکەن و چەندین ڕۆژیان لەسەر ئەرزی ساردا کردۆتەوە و ئاسمان لێف و بەتانییان بووە. ئێستاش، کە زۆربەیان گەڕاونەتەوە کەرکووک، با بەشێک لە بەسەرهاتی تاڵی هێندێکیان، بەبێ ڕتووش تۆمار بکەین و بزانین پاش ڕووخانی ڕژێم و نەمانی ئەندازیارانی قۆناغەکانی ئەنفالکردن چ داواکارییەکیان لە حکومەتی ئایندەی عێراق هەیە؟ داخوازیی منداڵەکانیان چییە و کێ قەرەبووی ئەم بێ نازییەیان دەکاتەوە و چۆن شیرازەی ژیانیان ئاسایی دەکرێتەوە؟

دەست ڕەنگینیی ئافرەتی کورد

بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕیپۆرتاژە، سۆراخی ئەو ژنە شەهید و پیاو ئەنفالکراوانەی کەرکووکم دەکرد... ماڵی (نازەنین تەها محەمەد)یان لە گەڕەکی ڕەحیماوە بۆ دەستنیشان کردم.

سپێدەیەکی زوو بوو، لە دەرگای ماڵیانم دا، ئافرەتێکی تەمەن پەنجاکان دەرگای لێ کردمەوە. بەوپەڕی بڕوا بەخۆبوونەوە، نەدیو و نەناس فەرمووی لێ کردم... بەڕەفتار و هەڵسوکەوت و گفتولفتی، زیاتر لە پیاو دەچوو نەک ئافرەت، وتی: من نازەنینم.

(عەدنان)ی هاوسەری باجی نازەنین، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، جارێکیان بۆ خۆپاراستن لە بۆردوومانێکی خەستی فڕۆکەکانی دوژمن، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیدا خۆیان لە ئەشکەوتێکدا حەشار دەدەن. لەناو ئەشکەوتەکە، مارێکی گەورەی بینیووە و زۆری لێ ترساوە و بەهۆیەوە تووشی نەخۆشییەکی دەروونی بووە.

دەیهێننە شار و چارەسەری دەکەن، پاشان دووبارە پەیوەندیی بەهێزەکانی پێشمەرگە کردۆتەوە. لەو ماوەیەدا خوازبێنی نازەنین خان دەکات و دەبنە هاوسەری یەکتری، لەپاش نسکۆی شۆڕشیشدا دەگەڕێنەوە کەرکووک و دەبێتە شوفێر لە لای ناسیاوێکیان... بەهەرحاڵ ژیانێکی کوڵەمەرگی بەسەر دەبەن و ساڵانی تەمەنیان دەقرتێنن، تا لە کۆڕەوەکەی (٩١)دا بەیەکجاری پەکی دەکەوێ و چیدی توانای کارکردنی نامێنێ.

هاوسەری باجی نازەنین لە ساڵی (١٩٩٨)ەوە ئەمری خوای کردووە و سێ کچ و کوڕێکی لێ هەیە، کە هیچیان توانای کارکردن و نان پەیداکردنیان نییە، مەردانە هەر خۆی، پەیداکردنی بژێویی خێزانەکەی خستۆتە ئەستۆی خۆی و لەگەڵ چەند جامبازێکی ئاژەڵدا ڕێک کەوتووە، مانگایان بۆ بەخێو بکات و پاش فڕۆشتنەوەیان نیواونیوی قازانجەکە وەربگرێت و لەو ماوەیەشدا ماستەکە بۆ خۆی بفڕۆشێتەوە... لەپاڵ ئەمەشدا نان بۆ خەڵک دەکات و خۆی فێری بەرگدرووییی کردووە و جلوبەرگی منداڵان و بەرگەدۆشەک و پەردە دەدوری.

باجی نازەنین دەڵێ: خەفەت لەوە دەخۆم، کە لەبەر کەم دەرامەتی و دەستکورتیم کچە گەورەکە و کوڕەکەمم نەناردۆتە بەرخوێندن، تەنیا (شەرمین)ی کچە بچووکەکەم نەبێ کە ئێستا قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتاییە... بێ باکانەش دەیگوت: مادام سەداماان لە کۆڵ بووەوە، ئێستا هیچ ناگزورییەکمان نییە و بەڕەنجی شانی خۆم و کۆمەکی خزم و کەسوکارم دەگوزەرێنین.

ئەم شاژنە لە خۆبووردەیە، نە خانەنیشینی هەیە و نە فەقیرانەشی بۆ بڕاوەتەوە، ئەوەندەش بەدیار مەکینەی دوورمانەوە هەڵکوڕماوە، بڕبڕەی پشتی تووشی سەوەفان بووە و هەفتەی دوو دەرزی لە خۆی دەدات!.

ئەنفال بەجوملە

ئەنفالکردنی برا و برازا و خوارزایەک لەگەڵ سێ شوبرا، بەچی لە بیر دەچێتەوە؟ بریتی ئەم بەجوملە ئەنفالکردنە، بەکێ سارێژ دەبێت؟ بنەماڵەیەک ئەوەندە کەسەی لێ نەمێنێ، دیواریش بێت بەدەرهێنانی ئەوەندە خشتە، هەرەس دێنێ و دەڕمێ... ئەمە حاڵی بنەماڵەکەی باجی (عیسمەت جەبار محەمەد)ە، کە لە شڕە خانوویەکی گەڕەکی لەتیفاوە دەژی و پێشتریش هاوسەرەکەی بەکارەساتێکی دڵتەزێن گیانی سپاردووە.

پیاوەکەی باجی عیسمەت، فەرمانبەرێکی بچووک بووە لە یەکێ لە فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانی تکریت، لە ئێوارەی جەژنی قوربانی ساڵی (١٩٨٧)دا ویستوویەتی سەردانی خزمەکانی بکات لە قادر کەرەم، لە ڕێگە مینێک لەژێر پێیدا دەتەقێتەوە و بەخەستی بریندار دەبێت، کە دەیگەیەننە نەخۆشخانەی گشتیی کەرکووک، وەریدەگرن و ناهێڵن کەسی لە لا بەجێ بمێنێ... بە(مخرّب) لە قەڵەمی دەدەن، تا دەمرێ هیچ عیلاجێکی لێ ناکەن.

مردنێکی ئاوا لەناکاو و بەجێهشتنی هەشت زارۆی پارچەڵەی دەست و پێ سپی، ئینجاش هێشتا ساڵ نەسووڕابووەوە، هەڵمەتەکانی ئەنفالکردن دەستی پێ کرد و گشت قەوموقبیلەیان شوێن بزر کران. دەبێ چ بریندێکی قووڵی لە دڵ و دەروونی هەست ناسکێکی ئافرەت دروست کرد بێ؟ ئاخۆ ژیان لەپاش لە دەستدانی ئەم هەموو ئازیزە، چ تامێکی تاڵی هەبێ؟

کە لێم پرسی... پاش ئەم هەموو کارەساتە، کێ هاریکاری و کۆمەکی دەکردن و چۆن ژیانتان بەسەر دەبرد؟ فرمێسکەکانی لە چاواندا قەتیس کرد بوو و وتی: کوڕی خۆم، کێ لە کێ باشتر بوو؟ **هەر هەموومان پڕوشکی ئاگرەکەمان بەرکەوتبوو کەس لە کەس باشتر نەبوو، تا چاوی لە یەکێکی تر بێ و یارمەتییان بدات**، نازانم چۆنمان بردە سەر، بەڵام شوکر وا کوڕەکەم هەراش بووە و هەفتەی چەند ڕۆژێک کرێکاری دەکات و کچەکەشم لیفکە دەچنێ... سەبارەت بەداواکارییەکانیشی دەیگوت: هیچ داواکارییەکی ماددیم نییە، دیاریکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکانمان، تاکە داخوازی و هیوا و ئاواتمانە، داواکارم پاش نەمانی ئەو کافرانە هەرچی زووە، سۆراخێکی ئەم خەڵکەمان بۆ بکەن.

گوزارشتی چاوی منداڵە باوک ئەنفالکراوەکان

(عەلی مستەفا) گوندێکی سەر بەقادر کەرەمە، (مەدیحە محەمەد حەسەن) لەوێ ئەو کات تەمەنی هەشت ساڵان بووە، بەڵام سەرلەبەری ڕووداوەکانی لەبیرە، دەیگێڕایەوە کە چۆن بۆ ماوەی دوو مانگ گەمەی مشک و پشیلەیان لەگەڵ سەرباز و جاشە خۆفرۆشەکاندا کردووە، کە **داوایان لە پیاوانی گوندەکە دەکرد، هەریەکە و چەکێک بکڕن و بێن خۆیان بەدەست جاشەکانەوە بدەن و هیچیان لێ ناکەن، تومەز ئەمەش گەمەیەکی گڵاوی جاشەکان بووە، بۆ ئەوەی ئاغاکانیان وا تێبگەیەنن، کە ئەمانە پێشمەرگەن و بەچەکەوە گیراون!**

مەدیحە دەیگوت: چاکم لەبیرە، لە ١٩٨٨/٤/١٣ دڕندەکان هاتنە ناو دێیەکەمان، ئێمە میوانمان هەبوو، میوانەکانیشیان لەگەڵ باوکمدا گرت.

پاشان هاتوونەتە کەرکووک، لە کەرکووکیش بەهەموو ماڵە کوردەکانیان ڕاگەیاند بوو، کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە هەر ماڵێکدا بگیرێن، خانەخوێکەش خراپی بەسەر دێت و چارەنووسی ئەویش لە چارەنووسی ئەوان چێتر نابێ! بەناچاری ڕوویان کردۆتە سلێمانی. کە (بابا)شی ئازاد دەکرێ، زۆر بێوەج و تەندروست خراپ دەبێ، هەتا ڕۆژی مردنی بەئیفلیجی بەندی جێگەکەی بووە.

هیچ کام لە خوشک و براکانی مەدیحە، لەبەر کەم دەرامەتی نەیانتوانیوە خوێندن تەواو بکەن، بەقورگێکی پڕ لە گریانەوە باسی برا قوتابییەکەی خۆی دەکرد و دەیگوت: بەهۆی ئیشکردنەوە، ئەوەندە ماندوو دەبوو، زۆرجاران لە پۆلدا خەوی لێ دەکەوت و ئاگای لە مامۆستا نەدەما، مامۆستاکانیش تەباشیریان تێدەگرت تا بەئاگای بێننەوە، زۆری پێ ناخۆش بوو هاوڕێکانی گاڵتەیان پێ دەکرد، بۆیە ئەویش وازی لە خوێندن هێنا.

(پەخشان خەلیل لەتیف) کە ئەو کات تەمەنی پێنج ساڵان بووە، هیچ شتێکی لە کارەساتەکە لەبیر نییە، بەڵام کە فامی کردووە لە دایکی بیستۆتەوە، باوک و دوو مامی لە ڕۆژێکدا ئەنفال کراون، کە دایکیشیان نەخۆش دەکەوێ و توانای ئیشکردنی نامێنێ، مامێکیان دەیانباتە لای خۆی و سەرپەرشتییان دەکات.

دواندن و دانیشتن لەگەڵ ئەم منداڵە باوک ئەنفالکراوانە، کزە لە جگەری کافریشەوە دێنێ و بەرد دێنێتە زمان، بەڵام تریسکەیەکی زۆر تەلیسماوی و گەشبینی لە چاویان بەدی دەکرێ، کە تەژی تەما و هیوایە و سووربوونیان، گوزارشت لە نهێنییەکی گەورە دەکات، بەڕادەیەک **یەکێ لەو مێردمنداڵانە، کە باوکی خۆی هەر نەبینیوە، زۆر ڕژد بوو، لەسەر ئەوەی کە باوکی مابێ و پێی لەسەر ئەو هەستە نادیارەدا دەگرت و دەیگوت: دڵنیام باوکم ئێستا لە شوێنێکی نادیاردایە و چاوەڕوانی دەستێکی میهرەبانە لەو تاریکستانەی دەربێنێ و جارێکی دی ڕۆشنایی خۆری پێ نیشان بداتەوە.** زۆر بوێرانەش پێی دەگوتم: منیش وەکو هەموو منداڵەکانی هاوتەمەنم، هەقمە خوێندن تەواو بکەم و لە خانوویێکی لەم خانووەی ئێستامان باشتر بژین و جلوبەرگی جوان بپۆشم!

تراژیدیای ئاوارەیی

پلانە گڵاوەکانی ئەنفالکردن، دڕندەیەکی ئەوتۆ دایڕشتبوو، تەیموور لەنگ و هۆلاکۆشی بەشاگرد نەدەزانی، نە تۆزقاڵێک بەزەیی لە دڵدا بوو و نە کەسی دەبوراند، **یاسا و ڕێسای ئەوان ئەوە بوو، کە مادام کوردیت، دەبێ ئەنفال بکرێیت. خۆ (سەید بابا محەمەد) ئەو کات سەربازیش بوو، هەر ئەنفال کرا.**

(خاتوون نوری سابیر)ی خێزانی سەید بابا، پاش ئەنفالکردنی مێرد و برا تاقانەکەی بەخۆی و چوار کچ و سکێکی پڕەوە نەیدەزانی ڕوو لە کوێ بکات... ئێستا لە خانوویەکی تەسکوتریسکی نزیک گەڕەکی ڕەشیداوەی شۆریجە دەژێت، ژیانی زیاتر لە فیلمێکی تراژیدی دەچێت، سەرەتاکەی بەئاوارەبوون لە چەمچەماڵ دەست پێ دەکات و ئەو ئازووقەیەی لەگەڵ خۆیاندا بردبوویان، بەشی دوو هەفتەیانی کرد، ئینجا چوونەتە کۆمەڵگای شۆڕش و لەوێ خێرەومەند کۆمەکییان کردوون. لە کۆڕەوەکەشدا چوونەتە ئێران و سێ مانگ لەوێ ماونەتەوە، پاشان گەڕاونەتەوە کەرکووک.

لە کەرکووک ماوەی هەشت ساڵ دەبێتە چێشتخانەیەک. ماوەی چەند مانگێکە وازی لەم ئیشەش هێناوە و ئێستا بێ کارە.

باجی خاتوون دەڵێ: لێتانی ناشارمەوە، تاکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ یارمەتییەکی نەداوین و لە ئاوارەییدا چاومان لە دەست خێرەومەندان بووە. داواکاریم ئەوەندە زۆرە لە ژماردن نایێت، کە لە هەموویان گرنگتر دیاریکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکانە، ئینجا چاککردنی بارودۆخی گوزەرانمان.

چیرۆک

لاسایی کردنەوەی دیکتاتۆر



ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی

لە هابیل و قابیلەوە هەروا دەڕۆی؛ کارەکان بە لاڕێیەکی تەپ و تۆزاویدا دەبران، هەڵدێر و نشێوەکانیش کە دەهاتنە بەرەوە، ئەوەی ئاستی هوشیارییەکەی لە خوار سفرەوە بوو دەدرایە پێش و ڕێگاکەی پێ تاقی دەکرایەوە.

– کە پەڕیەوە ئەوبەر... چاکتر؛ پێشڕەویی دەکەین، خۆ کە تیاشچوو... چیمان لە کیس چووە؟!

– سەدانی ئاوا هەڵدێراون و لە گەرووی تاقیکردنەوەدا ونبوون.

– سەروەرن... هەمیشە....

– ئەم گەمەیە بۆ خۆت، هەڵیگرە بۆ ساتەوەختەکانی بێ ئاگایی (قسەکەی پێ بڕی و بەجیددەتەوە ئەمەی وت).

کتێبەکە دەیوت: (... ئەم وەزیرە گەورەیە، ئەم پیاوە چاکە خزمەتگوزارەش لە مانگی تشرینی یەکی ١٠٩٢دا بە دەستی یەکێ لە پیاوەکانی حەسەنی صەبباح؛ سەرکردەی بەنگکێشە گیان لەسەر دەستەکان، تیرۆر کرا، چونکە وەزیر تاوێکی بەر بەستبوو لە ئەنجامدانی پرۆژە و بیرۆکە ژەهراویەکانی...) کتێبەکەی بە حوججەت داخست، دیوی دەرەوەی بەرگی یەکەمی هاتە بەرچاو: (بەنگکێشەکانی قەڵای ئالموت).

– هەفتەی دوو کتێب... دەبێ تەواوی بکەم.

– ژیانی بریتییە لە پرۆگرام، هەر پرۆگرامە و جێبەجێی دەکات. لە ڕستەیێ سەر و پاکانی شریتی قسەکردنیدا (فۆکۆ)ی زوو زوو دووپات دەکردەوە، ئەوەی لەسەر مێزی شەوانە بەدەم دەیوت، بەیانی دەیخستە سەر کاغەز و دەیدایە دەست سەرنووسەر و بۆ دواتر دەبووە بابەتی (گۆشە)کەی خۆی.

(ئەوڕۆکە ئێمە لە ساتەوەختێکی پڕ لە ئاڵۆزی و جیاوازیدا دەژین، کە ڕەنگە دەرئەنجامی بێهودەیی گەشەکردنی تەکنەلۆژی و بیناسازی کورت کردنەوەی ژیان بێت.

لە نێو ڕیزەکانماندا، خۆشت دەزانی ئێمە کۆمەڵگەیەکی ئیستیهلاکین؛ یانی بەم ئەقڵەی ئێستامانەوە لە هەموو کۆمەڵگەکانی دی زیاتر کەرەستە گەشەکردووەکانی لایەنەکانی ژیانی ئەمڕۆ بەکار دێنین...

لە زۆر شوێنی کتێبەکەیدا فۆکۆش ئیشارەی بەم دیاردەیە...)

– هەستە بابڕۆین، هۆڵەکە بۆخۆی.

– قۆناغەکەمان وای پێویستە.

– تۆ (أنشوده المطر)ی سەیبابت بۆ دەخوێندمەوە؟!

– چاکە، ئەوە بکەرە داردەستت و ڕایوەشێنە.

– نابێتە داردەست، ئەوە کارێکە لە چڵپاویشدا بریسکەی دێ.

– تۆ ئاوا بیربکەیتەوە، نابیت بە هیچ... تا ماویت ئەمە حاڵتە... ئەرێ بە خودا.

– ئەی تۆ؟

– من...؟، وەک دەمبینی.

ئەمە ئەو خاڵە بوو کە لێیەوە لێکدی ترازان... هەریەک بە لایەکدا.

***

(دوای دوو ساڵ... قەڵەم دەبێتە تۆکاریۆفێکی مەڵاسدراو لە کیفێکی چەرمی سەر سمتیدا لە ژێر چاکەتەکەیەوە.)

وەک ئاڵەت بەدووی سەری ئەو نووسەرەدا دەگەڕان کە وێرابووی بڵێ: نەخێر وانییە!!

(بە گرتن یا بە کوشتن)، فەرمانبوو بۆ ڕۆبۆتەکان، خۆیشی گورج بەرە و ئەپارتمانی تەلەڤیزیۆن بۆوە، تا لە مێزگردێکی بەمەدەنی کردن و کۆمەڵگەی شارستانیەتدا بەشدار بێ.

– جا خۆش لەوەدایە هێند بە زەوقە، هەرگیز بە قاتێکەوە دووجار ناچێتە جێیەک... لە عەسرەوە خەریکی خۆیەتی تا لەو مێزگرەدا لە هەمووان دەرکەوتووتر بێ.

– دەبێ هەموو لە خۆمانبن... چۆن دەبێ لەم شارەدا هەبێ لە دەرەوەی ڕەشبەڵەکەکەمان دەس بگرێ؟، ناکرێ.

پیاوە پۆشتەو چەکدارەکانی، بەو کرێوە و سەرمایە، لە ئوتۆمۆبیلە تازە و گەرمەکانیاندا، شەقامەو شەقام، کۆڵانەو کۆڵان، ماڵەو ماڵ شاریان بەدویدا تەی دەکرد... (بۆ گرتنی یا کوشتنی، تا ببێتە پەند بۆ کەسانی تر.)

– کەی گوێمان داوەتە مافی مرۆڤ، تا بە تەنگ مافی نووسەرەوە بین... با هەر بوەڕن.

– باڵی ئەو تەیرەش بشکێنن کە ئەم هەواڵەی نارده دەرەوە.

– ئەی کەناڵە ئاسمانییەکان؟!

– چاکە، هەر (گرتن)، (کوشتن)ەکە بوەستێنن، بۆم بێنن (دوای کەمێ ڕامان و دامان... ئەمەی وت).

– ئێمە سنگمان فراوانە، بەرفراوانی پێدەشتەکانی وڵاتەکەمان، ڕای بەرامبەریش قەبووڵ دەکەین... ڕای ئەوی تر!

نیوە شەوێ، لە جێیەکی شارەکەدا، پیاوە پۆشتەو چەکدارەکانی دەسگیریان کرد، بەڵام کردیانە پەڕۆ... دوو ددانی پێشەوەو مەچەکی ڕاستیان شکاند، بەرچاوی چەپیان وەک ڕەنگی (B.M.W) وەکەی خۆیان لێکرد! چۆڕاوگەی خوێنی تەوقی سەریشی بە لاجانگیدا دادە چۆڕایە سەرسنگ و سکی.

– هیچ نییە، حەزم کرد چاوم پێت بکەوێ، ئەم سەگوەڕەی دەرەوەمان لێ بێدەنگ بکە... خۆت دەزانی قۆناغەکەمان ناسکەو نامانەوێ خراپ لێمان بگەن... دوژمنانمان زۆرن، هەر ئێمەشین کە ڕاست و دڵسۆزی ئەو خەڵکە بین.

– چۆن؟

– لەسەر کەناڵەکەمان... بەرامبەریان!

– بڵێم چی؟

– چوزانم بڵێ هەمووی درۆیە، لەو پەڕی ڕێزو باشیدام، لە گوڵ کاڵترم پێ نەوتراوە.

– هەر بەم گوڵانەشەوە؟

(ئیشارەی کرد بۆ بەرچاوو لالێوو لاجانگی خوێناوی و مەچەکی ئاوساوی.)

– ئاسانە، حەمامێک و قاتێکی تازەو...

– نا نەخێر، هەر ئاوا... وا ڕاستترە.

هەستایە سەرپێ و گرژ بوو، دەستی کێشا بە شووشەی سەرمێزەکەیدا و تا هێزی تێدا بوو قیژاندی:

– ئێمە ڕاستیمان ناوێ... هەی سەگباب.

ئەمەی وت و بە شپرزەیی ژوورەکە و فەرمانگەکەی جێهێشت، شوفێرەکەی لە دوای سلف لێدان پرسی:

– بۆ کوێ گەورەم؟

– بۆ قەبری باوکت، بۆ شوینێ سەرمان گەرم کەین.

(دوای دوو سەعات بەسەر ئەمەدا):

– زۆر چاکە، قابیل بە خۆیەتی، ئابووری زانی چاکیشە.

– بەڵگەت بۆ ئەمە؟

ڕووی کردە ئەوبەر و وتی:

– ئا ئەو کارە ئاماریەتی بۆ بڵێ کە دوێنێ وتت.

– چاکە؛ هەموو شەوێ، بەپێی ئامارێکی تایبەت لە یانەو بارو ئوتێل و مۆتێل و دەشتدا بە قیاسی سێ تانکەر خواردنەوەی هەمەچەشنە نۆش دەکرێ.

بەرامبەر ئەمە، هەموو بەیانیەکیش لە سنووری دە بەرمیل پاشەڕۆ دەکەنە ئاودەسەکانەوە.

هەر ئەوانەی خاڵی یەکەم و دووەم دەیانگرێتەوە بە بارستایی چوار دەیەی پێنج لیتری، بەر لە هاتنە دەرەوەیان، بۆن و کۆلۆنیاو داوودەرمانی دەکەن بە خۆیانەوە.

– تێکت دا، نەتزانی.

– ئا، ببوورە؛ دەدەن لە خۆیان نەک دەکەن بەخۆیانا.

– بلیمەتی، داڤنشی لە چەرخی شانزەدا وتوویە: زانست پێشەوایەو پراکتیزە کردنیشی لەشکرەکەیەتی.

***

کە بەیانی چۆوە بۆ فەرمانگەکەی، یەکەم شتێ هەواڵی ئەوەیان دایە کە: نووسەرەکە ئەمشەو بە عەمووی ناوەڕاستی حەوشەکەوە ڕەقبۆتەوە!

شاعیرێکی کەرکووکی

عیززەددین کاتب زادە

یەکێک لە ئەرکە هەرە پیرۆزەکانی سەرشانی ڕۆشنبیرە دڵسۆزەکانی شارەکەمان ئەوەیە کە بەدوای بەرهەمە بزرەکان، یان شارراوەکاندا بگەڕێن و زانیارییان لە بارەیانەوە کۆبکەنەوە و بەرهەمیان بەدەست بخەن و بیانخەنە بەردەس و دیدی خوێندەوار و لێکۆڵەرەوە خۆشەویستەکان، بۆ ئەوەی ڕووی شارە ئازیزەکەمان بەدەرکەوێ و بەهرەدارانی کۆن و نوێیان بزر نەبن.

لێرەدا شیعرێکی (عیززەددینی کاتب زادە) بڵاودەکەینەوە کە خۆی ناوی خۆی و شارەکەی بەمجۆرە نووسیوە (نەوەی کاتب – عزالدین – کەرکوک) و لە (لاپەڕە ١٨٧ی ژمارە ٩ی دووشەممەی ٣١ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥ی ساڵی سێیەمی) گۆڤاری (دەنگی گێتیی تازە)دا بڵاوکراوەتەوە.

دیارە ئەم (کاتب زادە)یە کە نازناوی شاعیرە، ناوی بنەماڵەیەکی کەرکووکییە و ئەم بنەماڵەیە شاعیرێکی بەناوبانگی دیکەشیان ناوی (عەبدولفەتاح وەهبی–ی کاتب زادە)یە و شاعیرێکی چاک و ناسراوی سەردەمی خۆی بووە و شیعری کوردیی لەبەر دەستدایە، ئەگەرچی پێدەچێ شیعرێکی زۆری لەناوچووبێ...

ئێمە کە ئەم شیعرەی (عیززەددین – کاتب زادە)یە بڵاودەکەینەوە، داوا لە خوێنەر و ئەدەبدۆستان دەکەین ئەگەر زانیارییان لەبارەی بەرهەم و بنەماڵەی ئەم دوو شاعیرەوە، یان لەبارەی هەر بەهرەوەر و شاعیر و بنەماڵەیەکی دیکەی شارەکەمانەوە بەدەست بخەن و بینووسن... ئێمە لەلای خۆمانەوە بەسوپاسەوە لە ڕۆژنامەکەماندا بڵاویان دەکەینەوە...

بۆ نیشتیمان

چی خۆشە ئەی غەم هەردەم بەدەم بین
بەبێ غەم دەست لە ئەستۆ دەم بەدەم بین
دەسا ڕوحمێ فەلەک، زاڵم... هەتا کەی
جگەر سووتاو و زار و دیدە نەم بین
دەخیل ساقی کەرەم فەرموو پەیاپەی
لە جامی جەم نەبادا تووشی غەم بین
لەبەر جەور و جەفای تەعنی ڕەقیبان
ئەترسم چاوەکەم وەک زیل و بەم بین
سووتاوە(عیززەددین) بۆ وەسڵی خاڵت
بەسە تاکەی ئەسیری جام و جەم بین

دەخیلە کاکی کەرکووکی

هەموو ئانێک سیمایی پڕ ویقارت وەک چرایێ ڕوون لەپێش چاوم موجەسسەم هەر ئەوە تیمسالی میلییەت بەحورمەت ئەیپەرستم پرتەوێکی فەوقی گشت گەردوون فیدای ئەفکاری میللیت بم ئەتۆی لایق بەقودسییەت

***

دەخیلە کاکی کەرکووکی هەموو یەکسەر کەڕولاڵین وەتەن بیمارە، میللەت نوستووە، هاوارە بەدحاڵین تەم و تاریکە ئافاقمان لەناو بوطلانا پامالین چرای عیرفانت هەڵکە، باڵ شکاو و بێ پەڕ و باڵین

***

ببە ڕەهبەر لەبۆ قەومت، پیشاندە حاڵی قەومی کورد چ تاریکە سبەینێمان! چ هەڵدێرێک لەپێشمانە ئەوا هاوارە، هاوارە! گەلێ پێویستە دەستوبرد ئەگەر نا تا قیامەت مینەت و زووخاوە بەشمانە

***

وەکو(فیختە)و(شەکسپیر) بۆ نەجاتی قەومی مەعسوومت لە کۆشین و فیداکاری مەکە سڵ، تۆ بکوژرێی گەر! ئەچیتە لاپەڕەی تەئریخ موحەقق ناوی مەعلوومت ئەبێتە تاجی سەر کوردان، وەکو تاجێکی زێڕین فەڕ!

کەرکووکی: مامەند
١٩٢٧

زاری کرمانجی:
ل/ ١٧ی ژ/ ١٠ی ساڵی دووەمی ٣ی تەممووزی ١٩٢٧.

وتەیەک

هاتینەوە، بارە دڵێک خۆشەویستیمان پێیە

هاتینەوە بۆ شارە سەرفرازەکەمان، بۆ شاری برایی و تەبایی و دۆستایەتی.

هاتووین دەست لەناو دەست لەگەڵ برا تورکمان و عەرەبەکانماندا خۆمان بۆ خزمەتی شارەکە و ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری و مێژوو و کەلەپووری پرشنگداری خۆمان و هەموو مرۆڤایەتی تەرخان بکەین.

هاتووین، بە یادی کۆڕە شیعری و ئایینی و خوداپەرستی و قۆربات و لایەنە دییەکانی شێخ عەبد و ڕەحمانی (خاڵس) مۆمی ڕێزلێنان بۆ ڕەنجووری و قابیل و شێخ ڕەزا و نەورەس و فائیز و سافی و سەدان شاعیری کورد و تورکمانی دیکەی شار داگیرسێنین و دەیان مەقامبێژ و قۆریاتبێژی وەک مەلا تەها و عەلی مەردان و ملدرێژ و مچەڵە و هی دیکە بەسەر بکەینەوە و قسە خۆشەکانی خلەی کەزی و سەماکانی کوچوک ئیبراهیم و باقڵە و هی دیکە یاد بکەینەوە.

ئا بەم بەرچاو ڕوونی و دڵڕوونییەوە پێشخزمەتیی تێکڕای مۆزاییکی ڕەنگینی ئەم شارە فرەنەتەوەیەی کوردستان دەکەین.

ئا بەم پشت ئەستوورییەوە هاتووین، دەست بۆ نەوەی نوێی داهێنەر و نوێخواز درێژ بکەین و لەگەڵیاندا بەرەو ئاسۆی ڕوونی هاوچەرخێتی هەنگاو دەنێین و... ئەدەب و هونەر و تێکڕای ڕۆشنبیریمان بەرە و پێشەوە و بەرەو ئاستی گەلانی دیکەی خودا پێداو ببەین.

ئەحمەد تاقانە

میر شەرەفخانی بەدلیسی

ئەم زاتە لە نەوەی میرانی بەدلیسە، شاری بەدلیس لە باکووری کورستاندایە و پایتەختی میرنشینی بەدلیس بوو.

میرانی بەدلیس بایەخێکی گەورە و دەگمەنیان بە زانست و زانین و خۆشگوزەرانی خەڵک داوە. گەڕیدەی بەناوبانگی تورک ئەولیا چەلەبی لە باسی داگیرکردن و تاڵان کردنی شاری بەدلیس لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە، لە کتێبی سیاحەتنامەدا ئەوەی باسی کردووە، کە باری سەدان ئەسپ و حوشتر کتێب و دەسنووسی نایاب و دەگمەن لە کۆشکی میری بەدلیسەوە بە تاڵان بەرەو شاری ئەستەمبووڵ چووە.

میر شەرەفخان پتر لە چوار سەدە بەر لە ئێستا کتێبی (شەرەفنامە)ی بە زمانی فارسی دەربارەی مێژووی دەوڵەت و میرنشین و زنجیرە دەسەڵاتدار و حوکمڕانانی کورد نووسیوە، ئەو کتێبە بە بەردی بناغەی مێژووی کورد دادەندرێت و هەژاری موکریانی وەرگێڕایەوە سەر زمانی کورد و لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

ئەم وێنەیە کەسایەتیی میر شەرەفخان و سەروسیمای بە هەیبەتی پیشان دەدات، هونەرمەندی پێشەنگ بەهەشتی بەدیع باباجان کێشاویەتی، باباجان لە بنەچەدا گەورە نیگارکێشێکی کەرکووکییە و بەشی هەرە زۆری ژیانی خۆی لە شاری بەغدا بەسەر بردووە، ئێستا ڕۆڵە و نەوەکانی لە شاری بەغدادا دەژین.

چیرۆکی یەکەم بیرە نەوتی کەرکووک

وەرگێڕانی: ئاردەزێڕ

سەرەتای ساڵی ١٩٢٧، لەسەر داواکاریی ئەو دەستە نوێنەرایەتییە جیۆلۆجییەی کاروباری پشکنین و دۆزینەوەی لە کەرکووکی باکووری عیراقدا ئەنجام دەدا، دەست بەهەڵکەندنی بیر کرا. لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی هەر ئەو ساڵەدا، لە

(بابەگورگور) نەوت بەبڕی بازرگانی دۆزرایەوە، کە یەکەم بیر تەقییەوە و نەوتی لێ دەرچوو. ئەمەش لە عیراقدا ڕووداوێکی زۆر گەورە بوو و هەروەها سەرەتای قۆناخێکی نوێی مێژووی ئەم وڵاتە بوو.

ئەم تەقینەوەی یەکەم بیرەی کەرکووک لە چیرۆکێک پتری هەیە کە تا کۆتایی ساڵانی پەنجاکانیش هەندێک لە بەتەمەنەکانی شاری کەرکووک دەیانگێڕایەوە و ئەو پسپۆر و کرێکارانەی لە کۆمپانیادا کاریان دەکرد، باسیان دەکردەوە. هەروەها مقۆمقۆ و باسوخواس لەنێو خەڵکیدا بڵاوبووەوە، ئەوەی ڕادەگەیاند کە تەقینەوەی بیرەکە لە ئەنجامی تووڕەیی خوداوە بووە لەو بەندانەی خۆی کە لە ڕێی ڕاست لایان داوە، کەچی هەندێکی دیکە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە هەرگیز لە توانادا نییە دەمی بیرە تەقیوەکە بگێڕێتەوە و شاری کەرکووک و هەموو دانیشتوانی دەبێ لەم شلە ڕەشەدا بخنکێنن کە لەبیرەکەوە دەردەچێ. لە ئەنجامی ئەم قسە و بەیت و باڵۆرانەدا خەڵکەکە ترسێکی گەورەی لێ نیشت، تەنانەت هەندێک لە دانیشتوانی شار بیریان لەبارکردن دەکردەوە، تا گیانیان لە مەترسییەکی نزیک ڕزگار بکەن.

با بگەڕێینەوە سەر تۆمارەکانی دایرەی هەڵکەندن لە کۆمپانیا و بەدوای چیرۆکی تەقینەوەی یەکەم بیردا بچین.

لە (٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٧)دا لە (بابەگورگور) دەست بەهەڵکەندنی ئەم بیرە کرا و سەعات دووی سەرلەبەیانیی (١٥ی تشرینی یەکەم)ی هەر ئەو ساڵە، تەقینەوەیەکی گەورە ڕووی دا، ئەمەش لە ئەنجامی دەرچوونی بەهێز و بەفشاری نەوت و گاز لەگەڵ بەرد و لم و ئاودا. ئەمەش گرمەیەکی زۆر گەورەی لێ پدابوو. لە ئەنجامەکانی ئەم تەقینەوەیەشدا چەند کەسێک لە پسپۆر و کرێکار لە کەلووی هەڵکەندندا تووشی ژەهراوی بوون هاتن. ڕۆژی دووەمی تەقینەوە کە دەست بەدروستکردنی بەربەستێک کرا بۆ ئەوەی نەوتە دەرپەڕیوەکانی لەناودا ڕاگیرێ و لە حەڤدە و هەژدەی ئەو مانگەدا دەرچوونی نەوت و گاز پتربوو کە لە نشێوەکاندا کۆدەبووەوە و بارەکە ناخۆشتر بوو، لە نۆزدەی مانگدا ئەو دەرچەیە (صەمام)دیان لە سەردەمی بیرەکە دانا کە بیر هەڵکەنە هاوپیشەکان ناوی (درەختی جەژنی لە دایکبوون)یان لێناوە، ئەو بڕەی لە بیرەکەوە دەرچوو کە زێیەکی نەوتی پێکهێنابوو بەدوازدە هەزار تەن دانرا.

هەوڵکۆششی پسپۆر و کرێکاران لە بیستی مانگدا گەیشتە ئەوپەڕی و سەرەڕای ئەوەش، هەموو هەوڵتەقەلایەک بەفیڕۆ چوو، ئەمەش لەبەر زیادبوونی فشار و بەتوندی دەرچووی نەوت و گازەکەوە بوو، ژمارەی ئەو کارمەندانە کەم نەبوون کە بەهۆی نەبوونی دەمامکی خۆپاراستنەوە ژەهراویی دەکردن و لەوانەی نزیکی بیرەکە کاریان دەکرد و دێهنی پیاوان کە بەردەبوونەوە، وەک ئاسایی لێهاتبوو.

بەمجۆرە پیاوانی دیکە بەهانایانەوە غاریان دەدا بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا ڕزگاریان بکەن. کاروبار لە ڕۆژی بیست و یەکەمی تشرینی یەکەمدا بەرەو پێشەوە دەچوو و دەست بەداگرتنی دەرچەکە کرا و بۆڕییەکی (٤) ئینجی و بەدرێژیی سەرەڕای نالەباریی باری هەمووان دوای ئەوەی بەدرێژایی ئەو ماوەیە خەویان نەبوو و جگەرەکێشانیشیان لێ قەدەغە بوو، توانییان دەرچەکە بگەیەننە نزیکی دەمی بیرەکە.

سەعات سێی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی بیست و سێی تشرینی یەکەم، دەرچەکە لەسەر هەڵچووەکە وەستا و هەندێک پشوو درا ترسی دڵان ڕەوییەوە.

ڕۆژی دواتر (٦٠٠) کەس کۆبووەوە بۆ خاوێنکردنەوە و وشککردنەوەی ناوچە بەنەوت ئاڵوودەکە و کارەکەیان چەند ڕۆژێکی خایاند و دوای ئەوە، کار ڕێچکەی ئاساییی خۆی گرتەبەر.

لەم کارانەدا چوار کەس گیانیان لە دەست دا، دووانیان پسپۆری ئەمریکایی و دووانیان لە کرێکارانی عیراقی بوون. قووڵایی بیرەکە لەکاتی تەقینەوەیدا (١٥٢١) پێ بوو کە دواتر کرایە (٢٠٠٠) پێ و تا ساڵی (١٩٤٠) هەر بەرهەمی

دەدا. دواتر (٤٧) بیری دیکە، بەو هۆیانەوە کە پەیوەندییان بەسەلامەتیی ماوەی جەنگی دووەمی جیهانییەوە هەبوو داخران.

سەرچاوە: گۆڤاری (أهل النفط)، ژ/ ٧٢ی ساڵی حەوتەمی - ت١/

چەند زانیارییەک دەربارەی کەرکووک لە ساڵی ١٩٣٦ و ١٩٣٨

محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور

کاتێک سەرنج بدەینە بارودۆخی خوێندنی شاری کەرکووک لەم دوو ساڵەدا و ساڵەکانی پێشتریش و بەراوردی بکەین لەگەڵ دوو لیواکەی تری کوردستانی عێراقی ئەو کات، هەولێر و، سلێمانی، بۆمان دەردەکەوێت کە زیاترین ژمارەی قوتابخانە و مامۆستا و قوتابی لە کوردستانی عێراقدا لە شاری کەرکووک بووە. هەروەها سەبارەت بەقۆناغەکانی خوێندن شاری کەرکووک پێش هەردوو شارەکەی تر قوتابخانەی دواناوەندی لێکراوەتەوە کە ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی کە بەشێک لە قوتابیانی هەولێر و سلێمانی بۆ تەواوکردنی ئەم قۆناغەی خوێندن ڕوو بکەنە شاری کەرکووک، ئەمەش هەستی کوردایەتی لە نێوانیاندا بەرزتر کردۆتەوە.

بەگوێرەی دەلیلی عێراقی ساڵی ١٩٣٦ (عبدالرزاق ابراهیم) بەڕێوەبەری مەعارفی ناوچەی کەرکووک بووە. هەر لەو ساڵەدا یەک باخچەی منداڵان (ڕەوزە) لە شاری کەرکووک هەبووە کە ژمارەی منداڵانی ٦٣ بووە. ئەم قوتابخانە نوێیانەش لە لیواکەدا کراوەتەوە.

١- قوتابخانەی گوندی تسعینی کوڕان

٢- قوتابخانەی گەڕەکی ئیمام قاسمی کوڕان لە کەرکووک.

٣- قوتابخانەی ترکلان و تۆبزاوەی کوڕان.

٤- قوتابخانەی قەرەتەپەی کچان.

یەکێک لە کتێبەکانی جوگرافیا کە بەناوی (جغرافیة العراق) جوگرافیای عێراق لە لایەن تەها هاشمی کەسایەتی سیاسی و سەربازی دیاری عێراق دانرا بوو بۆ ئەوەی قوتابیانی قۆناغی ناوەندی لە عێراق بیخوێنن چەند زانیارییەکی سەبارەت بەشاری کەرکووک بەخۆوە گرتووە:

لەم ڕووەوە بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٣٥ کە لە عێراق ئەنجام درا بوو ژمارەی دانیشتوانی کەرکووک بەبەراورد لەگەڵ هەولێر و سلێمانی بەم شێوەیە بووە:

٢٢٣٦٣٤ کەرکووک

١٨٠٦٧١ هەولێر

١٨٤٢٠٤ سلێمانی

واتە دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆرتربوونی ژمارەی قوتابخانە و قوتابی و مامۆستای کەرکووک بەبەراورد لەگەڵ هەولێر و سلێمانی کە لە سەرەتادا ئاماژەمان پێ کرد. بەشێکی دەگەڕایەوە بۆ زۆرتربوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بەبەراورد لەگەڵ هەردوو شارەکەی تر.

لە ساڵی ١٩٣٦ لە لایەنی ئیدارییەوە قەزا و ناحیەکانی لیوای کەرکووک بەم شێوەیە بووە:

لیوا	قەزا	ناحیە
کەرکووک	کفری	ئاڵتون کۆپری. مەلحە. (بەلیواکەوە بەستراوەتەوە) توز. قەرەتەپە. قەڵای شێروانە

چەمچەماڵ	ئاغجلەر. شوان. شگاو
کیل (لەیلان)	قادرکەرەم. داقوق

هەر لە کتێبێکی تری جوگرافیا کە بەمەبەستی خوێندنی لە لایەن قوتابیە کوردەکان لە قوتابخانە کوردییەکانی کوردستانی عێراق وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی لە بارەی کەرکووکەوە نووسراو:

(لە کەرکووک):

(خەڵکی ئەم شارە بەکوردی و تورکمانی ئەدوێن، مەکتێبێکی ثانوی تێدایە، (بابەگورگور) لەم شارەوە نزیکە لێرانەدا نەوت زۆرە). ئەم کتێبە کە لە لایەن کەسێکەوە بەناوی عزیز سامی دانراوە لە لایەن وەزارەتی مەعارفی عێراقی بۆ پۆلی سێیەمی سەرەتایی بەباش زانراوە. بەسەرچاوەیەکی باوەڕ پێ کراو بێ لایەن دادەنرێ چونکە دیارە کتێبی قوتابخانەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ئەو حکومەتەی ئیدارەی وڵات دەکات پێوە دیار دەبێ، لەم ڕووەوە هەر شتێک لەگەڵ سیاسەتی نەگونجێ لای دەبات و یان بەگوێرەی بەرژەوەندی سیاسی حکومەت هەندێ زانیاری زیاتر پیشان دەدرێ و هەندێکی تری پەردەپۆش دەکرێ. بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات کە زۆرجار گیانی ناسیۆنالیزمی بەسەر گیانی زانستی سێبەری خۆی دەکێشێ. کەچی لەگەڵ ئەوانە هەمووی کاتێک باس لە دانیشتوانی کەرکووک کراوە نووسراوەکە کورد و تورکمانن. واتە کورد پێش تورکمان خراوەتەوە ژمارەیان لە تورکمان زیاتر بووە بەهیچ جۆرێکیش ئاماژە بەبوونی عەرەب لە شاری کەرکووک نەکراوە، هەرچەندە کتێبەکە لە لایەن نووسەرێکی عەرەبیەوە دانراوە و لە لایەن ئیدارەیەکی زیاتر عەرەبیەوە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی پێدراوە، لە لایەن هەموو قوتابیانی عێراق کە گەیشتوونەتە ئەو قۆناغەی خوێندن. خوێنراوە و زانیارییەکانیشی بەشداری لە گەڵاڵەکردنی ئاستی ڕۆشنبیری ئەم قوتابیانە کردووە. کە ئەمەش دەری دەخات کە کەرکووک شارێکی کوردستانیە و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردن، ژمارەیەک تورکمانیش بەهۆی جۆر بەجۆرەوە لەم شارەدا گیرساونەتەوە وەکو بەشێوەیەکی گشتی شارە گەورەکانی خەڵکی جۆر بەجۆر بەمەبەستی جیا جیا ڕوویان تێدەکەن بۆ نموونە ئەمڕۆ بچیتە شارێکی ئەوروپی خەڵکی سەر بەڕەگەزی جۆر بەجۆری تێدا دەبینی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم شارانە بەوە ناسراون کە یەکێک لە ڕەگەزەکان زیاتر بڵاون و شارەکەش زیاتر بەناوی ئەوانەوە دەناسرێ.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەوە بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئیداری عێراق تا ئەمڕۆ ژمارەیەک عەرەبیش لە لیوای کەرکووک نیشتەجێ بوونە. کە دیارە ئەوانەی مولک و ماڵی کوردیان داگیر نەکرد بێ و لەو جێگایانەی کە پێشتر ئاوەدان نەبێ خانوویان دروست کرد بێ دەکرێ وەکو هاووڵاتی عێراقی مافی مانەوەیان لە کەرکووک پێ بدرێ، بەڵام دیارە بەپێی هەموو داب و نەریت و عورف و یاسایەک دەبێ ئەوانەی مولک و ماڵی کوردیان زەوت کردووە بۆ خاوەنەکانیانیان بگێڕنەوە.

بوونی کورد و تورکمان و عەرەبیش لە کەرکووکدا ئەم شارە وا لێ دەکات کە ببێتە نموونەیەکی بچووکی عێراقی گەورە کە ئەم سێ ڕەگەزە سەرەکییە و هەندێ کەمایەتی نەتەوەیی و ئایینی تریشی بەخۆوە دەگرێت. بۆیە پتەوکردن و چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش و گیانی پێکەوە ژیان لە کەرکووک و بەردەوامبوونی بەمانای تۆکمەکردنی ئەم بەها گرنگە لە سەرانسەری وڵاتدا. دەوڵەمەندی ئەم شارە و کەم خزمەتیشی بەشێوەیەکی گشتی نموونەیەکی تری بارودۆخی عێراقە، بۆیە پێویست دەکات کە ئەو داهاتانەی لە کەرکووک و شارەکانی تری عێراق هەیە، بەپێی پێویست و بەڕادەیەکی یەکسان و گونجاو بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەموو شار و شارۆچکە و گوندەکانی عێراق خەرج بکرێ بۆ ئەوەی عێراقیش ببێتە نموونەیەکی چەسپاندنی بەها دیموکراتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

سەرچاوەکان:

١- الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ موسوعة سنوية إدارية، اجتماعية، اقتصادية، تجارية، زراعية مصورة تصدر باللغتين العربية و الانكليزية. صاحب الامتياز الياهو دنكور. يصدره سنويا محل دنكور للطبع والنشر ١٣٥٥هـ ١٩٣٦م.

٢- العميد طه الهاشمي جغرافية العراق وضع لطلبة المدارس المتوسطة الطبعة الثانية بغداد مطبعة المعارف ١٣٥٥ هـ - ١٩٣٦م.

٣- عزيز سامي، سەرەتای جوگرافیا، مترجم ع. و. نوری لە لایەن وەزارەتی معارفەوە بوو - بغداد، چاپخانەی سریان، ١٩٣٨

بەسەرکردنەوەی وەرزشوانە دێرینەکانی کەرکووک

کەریم ئەفەندی: پەنجا ساڵ پێش ئێستا یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق بووم



ڕژێمی ڕووخاوی بەعس، وەکو سیاسەتێکی جێگیری خۆی، دژی هەموو شتێکی جوان بوو کۆسپی لە بەردەم هەموو ئەفراندن و داهێنانێکدا دانا بوو ئەو داهێنەر و بلیمەتە بەهرەدارانەی پێش ڕژێمیش ڕسکا بوون، بەرە بەرە هەوڵی پووکانەوەی دەدان. یەکێک لەو ناودارانە (عەبدولکەریم محەمەد ئەمین)ە، کە ناسراوە بە(کەریم ئەفەندی) وەرزشوانێکی بەهرەمەندی کوردی کەرکووکە و لە دایک بووی ساڵی (١٩٣٢)ە لە بواری تۆپی پێ، هەر لە قۆناغی شەشەمی سەرەتاییدا جێگەی خۆی لە هەڵبژاردەی پەروەردەی کەرکووکدا کردۆتەوە.

* لە ساڵی (١٩٥٠) بۆ یانەی (ذهب الأسود) یاریی کردووە لە یارییەکیاندا لەگەڵ یانەی (جیش) دوو گۆڵی کردووە، (قائد فرقە)ی دوو ئامادەی یارییەکە بووە، پاش تەواو بوونی یارییەکە داوای لێدەکات (تطوع)بکات و بیکاتە ئەفسەر بەڵام ئەو ڕازی نەبووە.

* لە ساڵی (١٩٥٣) لە هەڵبژاردەی سوپا (المنتخب العسكری)ی عێراق وەرگیراوە و شان بەشانی (عمو بابا) و (جمولی) (عادل عبدالله) و (محمد ثامر) یاری کردووە.

* لە ساڵانی (١٩٥٤- ١٩٦٢) لە ڕووسیا و کۆریای باشوور و ڤێتنام و چین و ئەڵمانیا و تورکیا و چەندین وڵاتی دیکەی جیهان یاریی کردووە.

* لە مانگی ئایاری (١٩٦٨)دا بۆ ڕێزلێنان لە دەستکەوت و ماندووبوونی، یارییەکیان بۆ (أعتزال)کردنی سازداوە.

کەریم ئەفەندی لەم تەمەنەشیدا، کابرایەکی توندوتۆڵ و چوست و چالاکە، دەڵێ: ئێستاش توانای کارکردنم لە بواری وەرزشدا هەیە و دەتوانم بزاڤی وەرزش لە شارەکەمدا ببووژێنمەوە و ئەوەی ئەوان وێرانیان کرد، دەتوانم بەهاوکاریی دڵسۆزانی تر بنیاتی بنێینەوە. بەڵام پێش ئەوەی دەست بە هیچ شتێک بکەین، حەز دەکەم ئەم پێشنیارانەم بخەمە بەردەم پسپۆڕانی وەرزش و بەرپرسانی شارەکە:

* گرنگی دان بە یاریزانە تازە پێگەیشتووەکانی شار و پێگەیاندنیان، بۆ ئەوەی چیدی یاریزان لە دەرەوە نەکرین و یاریزانانی خۆمان زەقەی چاویان بێت.

* حزبایەتی و خزم خزمێنە لە وەرزشدا نەمێنێ و با هەڵەکانی ئەوان دووبارە نەکەینەوە.

* تەرخان کردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ چاککردنەوەی یاریگای ئۆلۆمپیی کەرکووک، کە سەدام کردبوویە سەربازگە!

ئاشتی گەرمیانی

هونەری شێوەکاریی لە کەرکووکەوە گەیاندە هۆڵەندا



ئەو کوڕە گەرمیانەی لە ساڵی ١٩٦٥دا لە کەرکووک لە دایکبووە، خانەوادەکەی خەونیان بەئاسایش و ئارامییەوە دەبینی، بۆیە ناویان لێنا (ئاشتی). کوڕیژگەیەکی زیت و سوورە و ژیکەڵە بوو، هەر لە منداڵییەوە خولیای بەرد و تۆپەڵە قوڕ و شتی قەبارەدار بوو، بۆیە هەرچەندی دایکی ڕێنمایی دەکرد و لەسەر دەست و پەنجە قوڕاوییەکانی سەرزەنشتی دەکرد، کەچی ئاشتی وازی لە قوڕ و قوڕکاری نەدەهێنا و هەمیشە خەریکی دروستکردنی شت بوو بەقوڕ و بەرد.

دوای ئەوەی خوێندنی ناوەندی لە کەرکووک تەواوکرد، بەپشتگیری غازی محەمەدی مامی بووە قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی و لە ١٩٨٦دا دیبلۆمی بەشی پەیکەرتاشی بەدەست هێنا. دوای بگرە و بەردەیەکی زۆر لەگەڵ ژیانی پڕ لە چەرمەسەریی ژێر دەسەڵاتی بەعس و سەربازی، ئاشتی لە ١٩٩١ بەدواوە ئیدی بووە ئاوارە. سەرەتا لە چەمچەماڵ چەند ژمارەیەکی لە ڕۆژنامەی (کەرکووک) دەرکرد، دواتر چووە دیانە و پاشان لە هەولێر گیرسایەوە.

بەرلەوەی لە ١٩٩٣ بەرەو سووریا و پاشان بەرەو هۆڵەندا بچێت، کارمەندی ڕۆژنامەی برایەتی و مامۆستای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر بوو.

ئاشتی گەرمیانی یەکێکە لە هونەرمەندە شێوەکارە چالاکەکانی شاری کەرکووک. یەکەمین پیشانگای خۆی لە شاری کەرکووک و دواتر لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و چەندین شوێنی دیکەی کوردستاندا کردوەتەوە. لە هەردوو شاری دیمەشق و حەلەبی سووریاش پیشانگای کردوەتەوە، هەروەها لە هۆڵەندا و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپاش پیشانگای تایبەت و هاوبەشی کردووەتەوە. ئێستاش لە شاری ڕۆزندالی هۆڵەندا گیرساوەتەوە، دوای ئازادبوونی کەرکووک ئاشتی ئێستا لە بیری گەڕاوەدایە.

ئەم شێوەکارە یەکێکە لە هونەرمەندانی دەستەی ساڵانی کارەسات، هەرجۆر پەیکەری دروستکردووە، هەروەها ئەزموونێکی چڕیشی هەیە لە بواری دروستکردنی تابلۆ بەڕەنگی ئەکریل و کواش. ئاشتی دەڵێ:

من لە خاک و وڵاتێکی گەرمەوە کەوتوومەتە وڵاتی بەفر و سەرماوسۆڵ، دڵم بەگەرمی ماوەتەوە و ڕەنگی سەر تابلۆکانیشم ساردن.

چرا

دەرسیم تۆفیق

ڕۆژێ لە ڕۆژان هەریەک لە ئێمە دەستی بردووە و چرایەکی داگیرساندووە، چرای نەوتی پێویستی بەشقارتە هەیە تا بتوانی پرشنگی ڕووناکی لە ناخیدا دروست بکەیت، چراش هەیە کە پشت بەوزەی کارەبا دەبەسەتێت و هەر هێندەی بەسە تۆ دەستی ناسکی هیمەتت بگەیەنیتە سویچێک و، چرا ڕووناکی بەدەوروبەر دەبەخشێت. ڕەنگە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و چرا، یان ئێمە و ڕووناکی هەر لە تەوەری لایەنی مادی بەند نەبێت، واتە هەر ئەوە نییە کە بەئاشکرا و لەبەر چاودا من و تۆ و کەسانی دی بەسویچێک یان بەدەنکە شقارتەیەک چرا دادەگیرسێنین، بەڵکو گرنگتر ئەوەیە ناخمان داگیرسێنین، کە بەر لەوەی لە خەمی ئەوەدابین بەردەمی خۆمان و دەوروبەر ڕووناک بکەینەوە، پێویستە دڵ و دەروونمان بکەینە چراخان، چونکە ئەوەی دڵ و دەروون و مێشکی ڕووناک نەبێت، لام وایە بەڕۆژی ڕووناکیش مل لە هەڵدێر دەنێ و شارێ و کوێرەڕێ لەیەکدی جودا ناکاتەوە، ئەدی مەگەر ڕۆشنایی نێو دڵ و دەروون نییە کە بەرەو دنیای چاکە و ڕاستی و جوانیمان دەبات؟

چینییەکان پەندێکیان هەیە دەڵێ: «با هەموو دنیا تاریک بێت، من مۆمەکەی خۆم هەر دادەگیرسێنم)، کەواتە چش لەوەی لەبەر ڕووناکی چرا ڕادەکات و دەروونی تاریکە، من و تۆیەک بۆ لەم بەرەبەیانە ڕووناک و پرشنگدارەدا دەست بەچاومانەوە بگرین و ئامادە نەبین چرای ڕاستی و بنەماکانی واقیع و ڕاستەقینە لە ناخی خۆماندا داگیرسێنین؟

با هەموومان لەناو شاردا چرای زانست و خۆشەویستی و تەبایی و یەکڕیزی هەڵبگرین و بەدووی ئەو شوێنانەدا بگەڕێین کە تاریکن، تا ڕووناکیان بکەینەوە.

پەیڤێک

بۆ وەرزش و وەرزشوانانی کەرکووک

سدیقی گچکە

ساڵانێکی دوور و درێژ بوو وەرزشوانی کورد هەمیشە لە لایەن سیاسەتی چەوتی ڕژێمی سەدامی دیکتاتۆر دووچاری نەهامەتی و دەربەدەری و ئەشکەنجە و کوێرەوەری و ماڵوێرانی کردووە و مەرامی بووە ژێردەست بێت. وەرزش و وەرزشوانی کورد بەتایبەتی لە شاری کەرکووک (٣٥) ساڵ لەژێر سێبەری ئەو حاڵەتە ژیاوە و نەیتوانیوە بە تەواوی هەناسە بدات و ڕێی بوون و سەرهەڵدان و وەرچەرخان خۆش کات و دەیان وەرزشوانی بە توانا و لێهاتوو زۆر زەرەرمەند بوون.

ئێستاش دوای ئەوەی کۆتایی بەو ڕژێمە خوێناوییە هات و دەرگایەکی نوێ لە بەردەم هەزر و داهێنانی وەرزشوانانی عێراق بە گشتی و کەرکووک بە تایبەتی کرایەوە و ڕژێمی سەدامیان لە گۆڕ نا، ورده ورده بارودۆخ و ئاسایشی ناو شار ڕوو لە باشیدایە، بە ڕادەیێ ڕۆژانە گۆڕەپانە وەرزشییەکان بە تایبەتی تیپە میللییەکانی کەرکووک چەندین چالاکیی وەرزشی و یاری بەخۆوە دەبینن، لە بەرامبەریشدا کۆمەڵێکی دیکە لە وەرزشوانە بەناوبانگەکان پەیتا پەیتا بە گۆڕەپانەکانی ئەم شارە شاد دەبنەوە.

دڵنیاشین لە ئایندەیەکی نزیکدا سەدان یاریزانی بەهرەمەند و لێهاتوو سەرهەڵدەدەن و دەتوانن ڕووی گەشی میللەتەکەیان بەگەلانی جیهان بناسێنن و خزمەت بە بزاڤی وەرزشی کوردی بکەن، چونکە ساڵانێکی دوور و درێژە لەژێر زەبروزەنگدا قورگیان نووسا بوو. ئازادی عێراقیش لە دایک بوونی ئاسۆیەکی گەش و قۆناغێکی نوێیە لە بەردەم بزاڤی وەرزش، کە ئەو قۆناغە گرنگەی گرتە ئامێز، ئەویش سیمای ئازادی و بەرقەرار بوونی ئاشتی و دیموکراتییە لە کوردستانی فیدراڵدا.

تا کەی بێ بەنزین بین؟

بەگەڕخستنەوەی دوو بەنزینخانە، لە شارێکی گەورە و قەرەباڵغی وەکو کەرکووک بەس نییە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە. ڕاستە دەستی تێکدەرانەی دزەکان گەیشتۆتە زۆربەی بەنزینخانەکان، بەڵام چاککردنەوەیان کارێکی ئەستەم نییە و بەهەر کارمەندێکی پسپۆڕی ئەم شارە دەکرێت.

چاومان لە دەست و بازووی دڵسۆزانەی کارمەندانی فەرمانگەی دابەشکردنی بەروبوومە نەوتییەکانە تا ئێمەی شوفێران کاری ئاسایی خۆمان بکەین و ئەم گرانییەش نەمێنێ.

وێنەکان دەدوێن

ئامادەکردنی: هێژا

فۆتۆ: نەبەز ڕۆستەم و هەڵۆ

هەر دەسەڵاتدارێکی دڵڕەق و بێ بەزەیی لە کاتی فەرمانڕەواییدا سواری کەلی شەیتان دەبێت و وا دەزانێت هەتا هەتایە ئەو زەبروزەنگەی بەکاری دێنێت مانەوەی مسۆگەر دەکات و نهێنی مانەوەکەش لە چاوی تۆقیوی خەڵکی قەڵەمڕەوەکەیدا دەبینێت، ئیدی دەبێتە گورگێکی هار و بێ دەسەڵاتانیش مێگەل.

پەیکەرەکەی سەدام بەڕووخاوی

سەدامی خەسێت گورگیش تووشی وەهمی مانەوە بووبوو، بێدەنگی و سیمای تۆقیوی خەڵکەکەی بەقایلبوونی دەسەڵاتە دڕندانەکەی دەزانی، کە یەکێکی گوللەباران دەکرد، دەبوو کەسوکاری ئەو قوربانییە بەستەزمانە ئامادە بن و دەستخۆشی لە دکتاتۆر بکەن؛ چەپڵە لێ بدەن، زەردەخەنە لەسەر لێویان بێت، شاباشی قوماندان بکەن. چ کارەساتێکە باوکێک ڕۆڵە و جگەرگۆشەی لە بەرچاوی گوللەباران بکەن، ئەمیش لە ترسی مەرگ و گیانی خۆی چەپڵە لێ بدات، وەی لە دادی بێداد و یاسای جەنگەڵ.

پەیکەرێکەی سەدام بەپۆستاڵ

وێنەی یەکەم: بەردەم پارێزگای کەرکووکە و پەیکەری دکتاتۆرەکەی بەغدای لێ قوت کرابووەوە، ئەوەتا پەیکەری شێرە درۆزنە هەرەسی هێناوە و خەڵکی داخ لە دڵ چوونەتە سەر لاشەی لەتوپەت کراوی ئەو نەگریسە و بۆ دواجار دەیانهەوێ لە تۆڵەی تەمەنێک دوا یادگاری ڕەش و تاڵ و چەوساندنەوە لە گرتەیەکدا تۆمار بکەن.

وێنەی دووەم: هەر لە جێگەی پەیکەرە شوومەکەی بەردەم پارێزگایە خەڵکی ستەمدیدە و کەسوکار ئەنفال کراو و ڕاگوێزراوی کەرکووک بەگوزارشتێکی قووڵەوە، بەو مانایەی کە هەرچی مافی مرۆڤی ئەم وڵاتە هەیە خراوەتە ژێر پۆستاڵی جەلادەکانی دکتاتۆر، یان پۆستاڵ و وشەی پۆستاڵ بووبووە بەشێک لە فەرهەنگی چەوساندنەوەی ئەم وڵاتە بەگشتی و کورد بەتایبەتی. ئەوەتا لە هەمان شوێنی پەیکەرەکە، پەیکەرێکی دیکەی هاوشێوەی یەکەم بەپۆستاڵی جەلادەکان دروست کراوە، ئەمە چ ڕقێکە لە دڵی ئەو خەڵکەدا پەنگی خواردۆتەوە و ئاوها بەم شێوەیە دەردەبڕدرێ!؟ دەبا ئەو پەیکەرە پۆستاڵە قایمتر بکرێ و ببێتە هێمای چارەنووسی هەر دکتاتۆرێک.

گرتنی (منظمە)کەی ڕەحیماوە

وێنەی سێیەم: (منظمە)کەی ڕەحیماوەیە، دەتەماشا چۆن خەڵکی ستەمدیدە هەڵمەت دەبەنە سەری و قەڵای زۆرداری تێک دەشکێنن. مێژوو ئەوەی سەلماندووە هەموو دکتاتۆرێکی ستەمکار ڕۆژێکی ئاوهای هەیە، ئیدی هەر ئەوەندەی خۆشە خەڵکی بەدەستە جەمعی قینیان لێ هەڵگرت، ئیدی دەبێتە پووشی بەر ڕەشەبا.

لە کەرکووک ئاو بە گۆترەیە!

جگە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، لە هەموو شارەکانی دیکەی عێراقدا سەعات لەسەر بۆرییەکانی ئاوی ماڵان و دوکان و کارگەکان دانراوە و بەپێی خوێندنەوەی سەعاتەکە، پارە لە هاووڵاتیان وەردەگرێت، بەڵام کارمەندانی ئاو لە کەرکووک، ماوەی دوو ساڵە بەبێ ئەوەی تەماشای سەعاتی ئاوەکە بکەن، هەر لە دەرەوە وەسڵەکان دەبڕن و بەئارەزووی خۆیان (٣٥٠٠تا ١٠٠٠٠) دیناری چاپ دەنووسن، کە بۆ فەرمانبەرانێکی وەکو ئێمەی دەرامەت سنووردار بڕە پارەیەکی زۆرە، داواکارین چاوێک بەم شێوازە کۆنەی پارە وەرگرتن بگێڕنەوە و وەکو شارەکانی دیکە حیسابمان لەگەڵدا بکەن.

ئەو بابەتانەی لە باسەڕەدا بڵاو دەکرێنەوە نووسەرەکانیان لێیان بەرپرسیارن

خاوەن ئیمتیاز
فەلەکەدین کاکەیی

سەرنووسەر
جەلیل کاکەوەیس

جێگری سەرنووسەر
ئەحمەد تاقانە

بەڕێوەبەری نووسین
تاریق کارێزی

دەستەی نووسەران
نەبەز ڕۆستەم

دەرهێنانی هونەری
ئاراس ئەکرەم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
ئاراس
هەولێر - کوردستان